پرۆفیسۆر دکتۆر

# أحمد أنور دزەیی

## قوتابیەکی ژیر
## مامۆستایەکی پەروەردەیی لێهاتوو
## سەرکردەیەکی ئەکادیمی سەرکەوتوو

هەولێر ٢٠٢٠

- ناوی کتێب: پرۆفیسۆر دکتۆر أحمد أنور دزەیی .. قوتابییەکی ژێر مامۆستایەکی پەروەردەیی لێهاتوو، سەرکردەیەکی ئەکادیمی سەرکەوتوو
- نووسین: هۆشمەند رفیق ابراهیم
- دیزاین: ئاسۆ حسن أحمد
- چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
- تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
- بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەتوانن سەردانی ئەم لینکە لە سایتی زانکۆی سەلاحەدین بکەن:

https://su.edu.krd/about/presidency/my-story

- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارەی سپاردنی (٦٦)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە

# پێشەکی

هەڵبەتە قسەکردن لەسەر کەسایەتییەکی وەك پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کارێکی دژوارە، چونکە ئەو ئینسکلۆپیدیایەکی گەورەیە لە گەنجینەیەکی رۆشنبیری ئەکادیمی و زانستی و پەروەردەیی، کە ئەزمونێکی زۆری هەیە لە بەڕێوەبردن و خاوەن کەسایەتیەکی کاریزمییە لە بواری دبلۆماسی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بەتایبەت لە کایەی زانکۆو پەروەردەوخوێندنی باڵا، هەمیشە لە بەشداریکردن لە کۆنگرەو کۆنفرانسە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت لە سەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیش بە بەهێزی دەردەکەوێت، هەمیشە دەبووە داینەمۆو کاراکتەرێکی چالاك لە تێکەڵ بوون لەگەڵ بەشداربووان و بەلای خۆیدا رادەکێشان و دەبووە ناوەندی کۆکردنەوەی هەمووان و وتاری بۆ دەدان، کاتێ لە رێگەی زانکۆوە کۆنفرانس یا کۆنگرەی زانستی لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و عێراقی و وڵاتانی عەرەبی و نێودەوڵەتی ئەنجام دەدات، رەنگدانەوەی لەسەر بەشداربووان دەبوو لە پیشاندانی رووی جوانی کوردستان و دەرخستنی دابونەریت و فەرهەنگی جوانی کوردو کوردستان و سیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان.

دکتۆر ئەحمەد بە گەواهی هەموو سەرۆك زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی خوێندنی باڵا، ئەرشیفێکی دەوڵەمەندو ئاڵتوونی خوێندنی باڵایەو هەمووان کەڵك لە ئەزموونی وەردەگرن کە یەکێکە لە شارەزا دیارەکانی کاروباری خوێندنی باڵا بەهۆی ئاوێتەبوون لەگەڵ هەموو رووداوەکانی زیاتر لە (٤٠) ساڵی رابردوو لە هەرێمی کوردستان. هەرچەندە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا ناتوانین تیشك بخەینە سەر ژیانی چوار دەیەی رابردووی ئەو

کەڵە ئەکادیمییە، بەڵکو هەوڵ دەدەین بەشێکی بچووکی ژیانی بخەینەڕوو نەمازە ژیانی زانکۆیی و ئەو ساتانەی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بووە، بەو لێزانی و ئەزموونەی هەیبوە توانیویەتی پەرە بە ئاستی زانکۆ بدات و گڕوتینی رۆحی کێبڕکێ زانستی لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان بێنێتەکایەوە، هەروەها بەو شارەزاییەی هەیبووە کاتێ کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین ئەنجام دەدرا خۆی بە دواداچوونی بۆ ئامادەکاری و تەنانەت میوانەکانی دەرەوە دەکرد لە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە باشترین هۆتێل و خواردن و تەندورستیشیان تا دەگەڕانەوە بۆ فڕۆکەخانە یا بازگەکانی هەرێمی کوردستان.

دکتۆر ئەحمەد بە هۆی زیندوویەتی و هەمیشە کارلێکی کردووە لەگەڵ رووداوەکان و رۆحی سەرکردایەتی و نوێبونەوەی هەبوەو بەردەوام نزیك بووە لە رووداوەکان و بەشداری کارای هەبوە لە هەموو بۆنەکانی زانکۆو کۆلێژەکان، ئەمە سەرباری ئەوەی هەردەم دەرگای ئۆفیسەکەی کراوەبووە لە پێشوازیکردنی قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەران.

دکتۆر ئەحمەد تایبەتمەندیەکی جیاوازی هەبووە بە بەراورد بە بەرپرسانی دیکەی هەرێمی کوردستان ئەویش دەستپاکی و سووربون بووە لە پارێزگاریکردن لە موڵك و کەرەستەو کەلوپەلەکانی زانکۆو دانانی کەسانی دەستپاك لە لێژنەکان بۆ دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستیەکانی زانکۆو هەمیشەش پاڵپشتی کەسانی دڵسۆزو دەستپاك و لێهاتووی کردووە لە رووی کارگێڕی و زانستییەوە، بەردەوام بووە لە پێشخستنی زانکۆ لە دابینکردنی کتێب و سەرچاوەی زانستی و نۆژەنکردنەوەی تاقیکەکان و ئامرازەکانی تەکنەلۆژیاو کۆمپیوتەرو ئەوەی پەیوەستە بە شۆڕشی زانیارییەکان.

ئەو پەرتووکە تایبەتە بە بەشێك لە سەرەتاکانی وێستگەی ژیانی تاوەکو ئێستا، هەروەها ئەو بەڵگانەی تێدا نوسراوەتەوە کە لەو سەردەمانەی ئەرکێکی پێسپێردراوە یا پۆستی هەبوە لە خوێندنی باڵا بە تایبەت لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر و ئەزموونی لە ئوسترالیا و بە دواداچوونی لەسەر خوێندنی باڵا، لەگەڵ ئەوەی بە پێی پلەبەندی لە سەرەتای بوون بەموعدییەوە تا دەگاتە سەرۆکی زانکۆ بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە. لە بواری گەشەپێدانی مرۆییشدا تیکۆشانێکی زۆری کردوەو مکوڕبووە لەسەر جێبەجێکردنی دەیان پڕۆژە لە بواری گەشەپێدانی ژێرخانی زانکۆ لە سەرووی ئەوانەشەوە بە بێ ئەوەی ماندووبون بناسێت کاری لە پڕۆژەی کەمپی نوێی زانکۆکردوەو گرینگی بە هەموو کۆلێژەکانداوە بەتایبەت کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان لە روانگەی گۆڕانکاری لە پشت بەخۆبەستان بۆ بە دەستهێنانی داهات وەك سەرچاوەیەك بۆ خۆبژێوی لە زانکۆ تا پشت بە داهاتی حکومەت نەبەسترێت و خەرجییەکانی حکومەت کەمبکرێنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو کەسایەتییە تواناکانی فرەو جۆراوجۆر بوولە وزەو نوێگەرییدا بۆ زانینی واقیع و بەکارهێنانی ئامرازی تازە لە رێگەی ئەزموونی خۆی لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەڕووی دەبویەوە لە کاتی کارکردنیدا.

دکتۆر ئەحمەد سەرۆك زانکۆیەکی رەفتار خاکی و ساکارو راستگۆو راشکاوبوو، لە داننان بە هەڵەکانیشیدا دوو دڵ نەبووەو هەمیشە شەرمی نەکردووە لەوەی داوا لە کەسانی دیکە بکات هاوکاری بکەن لە چارەسەری کێشەکان و گوێی گرتووەو بۆ هەموو کەسێك لە گەورە تا بچووك، بەردەوام راوێژی کردووە بۆ هەموو پرسێك لە کایەی زانکۆدا، ئەو قوتابخانەیەك بوو لە رەوشتی زانستی و کۆمەڵایەتی، هەر ئەوەش وایکرد کە لە سەرەتای کارکردنی لە

خوێندنی باڵادا هەردەم رۆحی سەرکردایەتی و دەستپێشخەری و بوێری لە بڕیاردان و یەکلاییکردنەوە هەڵویستە سەختەکان هەبێت، لەو روانگەشەوە ئەکادیمییەکان چاوەڕێی راوبۆچوون و هەڵویستی بوون لە بەرامبەر ئەوانەی روویاندەدا لە خوێندنی باڵا.

دکتۆر ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی گەورەترین زانکۆی کوردستانە، لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە زانکۆی هەموو ئایین و نەتەوەو رەنگە جیاوازەکانەو هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستانی خۆشەویستووە، بەڵام خۆشەویستیەکی جیاوازی بۆ شاری هەولێر هەیە، ئەوەش وایکردووە لە ماستەرپلان و دیزاینی پڕۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سەلاحەدین هێما شوێنەوارییەکانی شاری هەولێر بە شێوەیەکی مۆدێرن بخاتە نێو دیزاینی کەمپەکە کە نیشانەی شاری هەولێری دێرینی پێوە دیاربێت.

هەرچەندە لە سەر کەسایەتی پرۆفسیۆر دکتۆر ئەحمەد قسە بکرێت، هێشتا کەمە، ئەوەی لەم پەرتووکەدا باسکراوە دڵۆپێکە لە دەریایەك، چونکە قسەکردن لەسەر دکتۆر ئەحمەد وەك هێمایەکی زانستی و کەسایەتییەکی نیشتیمانی، لە رێگەی زانستەکەیەوە خەباتی زۆری کردووە لە پێناو کوردستان، ئەو یەکێکە کەسێکی ناوازەی ئەکادیمییە و جێگەی شانازی هەمووانە.

هەڵبەتە بۆ ئامادەکردنی ئەو کتێبە ناکرێ رۆڵی نوسینگەی نهێنی و دکتۆرە (ڤیان فاروق محەمەد) ئەمینداری ئەنجومەنی زانکۆی سەلاحەدین لە بیربکەین کە ئەرشیفێکی گەورەی چالاکییەکانی سەرۆکی زانکۆی پاراستووە و سوودمان لەو ئەرشیفە وەرگرتووە بۆ نوسینی ئەو کتێبە.

هۆشمەند رەفیق
٢٠٢٠/١/١٢

# بۆچی ئەو کتێبەم نووسی؟



ئاشنایەتیم لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد دزەیـــی، بۆ ساڵانی ٢٠٠٤ دەگەڕێتەوە، کاتێ بەڕێوەبەری پەیوەندییە ئەکادیمییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بوو، ئەوکاتە من نوێنەری قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بـــووم، جگە لەوەی لە ئەنجوومەنی زانکۆ یەکتریمان دەبینی و هەمیشە پاڵپشتی داواکارییەکانی دەکرین، دوای ئەوەی بووە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزتربوو، بەهۆی ئەو مامەڵە جوانەی لەگەڵی دەکرین و ڕێزێکی زۆری لێدەناین، والێهاتبوو، کە سەردانی زانکۆم بکردایە دەبوایە چاوم پێی بکەوتایە، لەو ماوەیە بە نوێنەرایەتی قوتابیانی هەرێمی کوردستان هاوشان لەگەڵ بەڕێزیان کە نوێنەری سەرۆکی زانکۆبوو، بە نوێنەرایەتی زانکۆکانی کوردستان بەشداری ئەو کۆنفرانسەمانکرد لە ئیتاڵیا، لەو گەشتەدا زۆر لایەنی شاراوەی بەڕێزیان بۆم ئاشکرابوو کە هیچ کات لە بیری ناکەم، هەرچەندە پاشان بەڕێزیان بوونە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بەڵام ئەو پەیوەندییە هەر وەك خۆی مایەوەو زۆرجار بەهۆی ئەوەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (زانکۆپرێس) بووم لە زانکۆ دیمانەم لەگەڵ ساز دەکرد. دوای بوون بە سەرۆکی

زانکۆی سەلاحەدین ماوەی (١٠) ساڵە لە چەندین قۆناغی جیاواز کە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی جیاوازم لە ئەستۆدابووەو هاوشانی تیمی بەڕێزیان کارم کردووە، بەلای منەوە کەسایەتییەکی وەك بەڕێزیان جیاوازەبووە، ئەو هیچ کات ماندووبوون نەناسێ، ئەرشیفێکی گەورەو دانسقەی زانکۆیە، هەمیشە پێموابووە، دەبێت لە ئاستی باڵا کەڵك لە تواناکانی وەربگیرێت، تا گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە پەروەردەو خوێندنی باڵا بێتەکایەوە، لەو روانەگەشەوە ویستم پوختەی وێستگە گرینەگانی ژیانی بەڕێزیان لە دووتوێی کتێبێکدا بۆ مێژوو بخەمە بەردەست خوێنەران، تا ئاشنای ئەو کەڵە ئەکادیمییەی شاری هەولێربن، هیواداریین زانکۆی سەلاحەدین و ئیدارەی پارێزگای هەولێر، ناوی لە بیر نەکەن، شەقامێك یا بەرزە پردێك یا هۆڵێکی گەورە یا کتێبخانەیەك یا هەر شتێکی دیکە لەو شارە بەناوی پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد بکەن، چونکە زانکۆی سەلاحەدین و شاری هەولێر، قەرزاری خەباتی پەروەردەیی و تێکۆشان و شەونخونی ئەون. دکتۆر ئەحمەد تەنها بە کتێبێکی چەند لاپەڕەیی ناکرێ باس لە تایبەتمەندی و کارەکانی بکرێت، بەڵکو پێویست بەوە هەیە توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەنجام بدرێت، هەڵبەتە لە نێو کتێبەکەدا زۆر شت باسکراون، بەڵام ئەوە مشتێکە لە خەرواری تایبەتمەندی و کارەکانی دکتۆر ئەحمەد دزەیی.

# له گوندی چالوکەوە تا شیوەجان



پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر ئەمین دزەیی، لە دایك بووی (١٩٥٤/٧/١) لەگوندی (چالووکی گەورە) ئـەو گوندە لە نێوان هەردوو پارێزگای هەولێرو موسڵ دایە. دزەیی لە نێو خانەوادەیەکی جوتیاری گوندنشین چاوی بە دونیا هەڵێناوە، خوالێخۆشبووی باوکی بە حاجی ئەنوەر ئاغا بە ناوبانگ بووە کە پیاوێکی رۆشنبیرو ئایینپەروەر بووە، لە دوای رووداوەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق، لە گوندەوە بەرەو شاری هەولێر کۆچ دەکەن.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٠ دەخرێتە بەرخوێندن، دکتۆر ئەحمەد لە هەموو ساڵەکانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دەبێتە یەکێك لە قوتابییە هەرە زیرەك و بە تواناکان و هەردەم لە ریزی پێشەوەو پێشەنگ و خۆشەویستی نێوان هاوڕێکانی بووە، هەر لە منداڵییەوە رۆحی هاوکاری و پشت بەخۆبەستنی هەبووەو هەستی کارکردنی هەبووە، تەنانەت تا گەورەش بووە پاڵپشتی

خانەوادەکەی کردووەو لە گەڵ باوك و براکانی کاریکردووەو لە سەردەمی خوێندنی دکتۆراکەشیدا لە پەناهەندەیی و لە غوربەتدا پشتی بەخۆی بەستاوەو بژێوی ژیانی خۆی دابینکردووە.

ئەو رۆحی هاوکارییەی لە باوك و دایکی بۆ ماوەتەوە کە باوکی بەڕێزیان زۆرخێری کردووە، کە هەندێ لە نزیکەکانی دەگێڕنەوە هەموو داهاتی خۆی دابەشکردووە بەسەر هەژارو خزم و کەسەکانی کە پێویستیان پێی بووە، ئەمە جگە لەوەی هاوکاری خەڵکی گوندەکەو قوتابخانە ئایینەکەی مزگەوتی گوندی چالوکی کردووە.کاتێ هاتۆتە شـــاری هەولێریش لەگەڵ خەڵکانێك هاوبەشی کردووە بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەی داهات و بژێوی ژیانی خانەوادەکەی تا لە شەوی ٢٨ لەسەر ٢٩ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ بە نەخۆشی کۆچی دواییکرد.



جا ئەگەر قسە لەسەر دایکی دکتۆر ئەحمەد بکەین، کە خوالێخۆشبوو (جەواهێر حاجی جەمیل حاجی صادق)ی گوندی خەزنە بووە، ئەو گوندەی دەکەوێتە نێوان هەولێر و گوێڕ، ئەو خانمە بەردەوام چێشتخانەی لە ماڵەکەی بەڕووی خەڵك کراوە بووەو بە گەواهی خەڵك زۆر چاکەکارو خێرومەند بووەو لە خانەدانی و خواردنە بەتاموچێژەکانی ئێستاش لە نێو خزمان و عەشیرەتی دزەیی ناوبانگی خۆی هەیە.



دایکی دکتۆر دزەیی لەمسالآنەی داوییدا لە شەوی نـەورۆزی ساڵی ٢٠١٣ لە کاتێکدا کۆچی دوایی کرد کە دکتۆر دزەیی لە گەورەترین چالاکی ئەکادیمی و مێژوویی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گواستبوویەوە شاری هەولێر ئەویش بەڕێوەچوونی ٤٦مین کۆنفرانسی یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی بوو لە شاری هەولێر، بۆیە زیاتر لە (٢٠٠) سەرۆك زانکۆی وڵاتانی عەرەبی بەشداری پرسەکەیانکرد.

دزەیی زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و تورکی) بە رەوانی گفتوگۆی دەکات و لە تەمەنی لاویەتیدا یەکێك بووە لەو کەسانەی حەزو ئارەزووی بۆ وەرزش هەبووەو بەهۆی ئەو عەشقەی بۆ وەرزش هەیبووە، هاوشان لەگەڵ برا گەورەکەی (محمد)و خاڵەکانیدا لە سەردەمی هەرزەکاریدا چۆتە شارەکانی ناوەڕاست و خـــوارووی عـــێـــراق و تـەنـانـەت وڵاتـــانـــی دەوروبەریش وەك هاندەری وەرزشوانانی هـەولـێـرو یەکێك بووە





له دامەزرێنەرانی (یانەی وەرزشی هەولێر) لە ساڵی ١٩٦٨ هەرچەندە تەمەنی تەنها (١٤) ساڵ بووە.

پرۆفیسۆر ئەحمەد، پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە ساڵی ١٩٧٤ بە ناچاری بڕوانامەی دبلۆمی مامۆستایەتی لە پەیمانگای





ماموٚستایانی هەولێر بەدەستهێناوە، هەرچەندە تواناو لێهاتوویی زیاترە بووە، بەڵام لەو کاتەدا هەوڵەکان و خەونەکانی بەدی نەهات کە زێدەتر درێژە بە خوێندنی بدات و قەناعەتی بە بوون بە ماموٚستای سەرەتایی هێنا و درێژەی بە خزمەتکردنی پەروەردەیی و پەروەردەکردنی منداڵانی کوردستاندا.

دزەیی وەك خوٚی دەڵێت: پاش وەرگرتنی بڕوانامەکەم لە ساڵی ١٩٧٥ بوومە ماموٚستا لە گوندی (شیوەجان)ی دەشتی کوٚیە، ئەو کات دەبوایە بە پیادە هاتووچوٚ بکەین، ئەو گوندە شوێنی لاچەپ بووە، پێشتر قوتابخانەی تێدابوو بووە، بەڵام بەهوٚی کێشەی کوٚمەڵایەتی داخرابوو، بوٚیەکەمجار لەگەڵ ئاموٚزایەکەم خوالیخوٚشبوو (تەحسین برایم ئاغا) چوومە گوندەکە لە ڕێگەی تەقتەقەوە بە ئوٚتوٚمبێلێکی جوٚری جێب بە کرێ، پێیان سەیربوو منیان بینی، بە خەڵکەکەم گوت من ماموٚستام و دامەزراوم لە گوندەکەتان، دەمەوێت هەندێ زانیاریم بدەنێ، دواتر باسی ئەوەیانکرد کێشەی کوٚمەڵایەتی هەبووە لە قوتابخانەکەی

گوندەکەیان بۆیە داخراوە.

دکتۆر دزەیی له باسی گێڕانەوەی چیرۆکی بوون بە مامۆستایەتی لە گوندی شیوەجان دەڵێت: تەمەنم ٢١ساڵ بوو کاتێ قسەم بۆ خەڵکی گوندەکە دەکرد، دەمەویست قەناعەتیان بۆ دروست بکەم کە دەست بە خوێندن بکرێتەوەو قوتابخانە بەردەوامی هەبێت لە گوندەکەیان، کاتێك باسی ژیانی خۆمم بۆ دەکردن و چیرۆکی بوون بە مامۆستایەتیم بۆ دەگێڕانەوە، خەڵکەکە زۆر بە تامەزرۆییەوە گوێیان بۆ دەگرتم، چونکە توشی سەرسوڕمان ببون، کەسێکی وەك منی کوڕی خانەوادەیەکی خواپێداوی هەبووە، لە شارێکی گەورەوە هاتووم منداڵەکانیان فێربکەم، دیار بوو بەهۆی سەردانی و ئاڵوگۆری شت بەشت لە نێوان دەشتی کۆیەو دەشتی دزەییاتی زانیاریان لەسەر خانەوادەکەمان هەبوو، بۆیە هاوکاریان کردم و ڕێگەیاندا قوتابخانەکە بکرێتەوەو ژمارەی قوتابییەکانیش بە نزیکراوەیی گوتیان( ١٥-٢٠) قوتابی دەبێت، پاش ئەوەی پێم ڕاگەیاندن کە پێداویستی و شوێنەکانم چییە تا سەردانی شار دەکەمەوەو کەلوپەلی تایبەت بە قوتابخانە دەهێنم، بە سوپاسەوە خەڵکی گوند ئامادەکاری باشیانکرد.

دزەیی لە گێڕانەوەی دووبارە دروستکردنی قوتابخانەی شیوەجان بەردەوام دەبێت و دەڵێ: لە ١٩٧٥/١٠/١٧ گەڕامەوە بۆ گوندەکە پێش باران لۆریەکی گەورەم بە کرێ گرت کەلوپەلەکەکانی قوتابخانەم بارکرد، خەڵکی گوندەکە شوێنەکەیان بۆ ئامادەکردبووم، گوندەکە خەڵکەکەی کەمدەرامەت بوون، دوای ناو تۆمارکردن ژمارەی قوتابیەکان گەیشتە(١٨) قوتابی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، لەو ژمارەیەدا دووانیان بە تەمەن گەورەتربوون لەوانی دیکە، لەم ماوەیە تا نەورۆز یەك جار سەفەریماڵەوەم

**کرد بۆ شاری هەولێر، هەموو ژیانم بۆ خەڵك و قوتابی ئەو گوندە تەرخانکردبوو، رادیۆیەك و تەسجیلێك و لۆکسێکی رووناکەرەوەم هەبوو وەك خەڵکی ئەو گوندە دەژیام، قوتابیەکانم زیرەك بوون، قوتابخانەکەمان بە هاوکاری قوتابییەکان رازاندبوویەوە، لە رۆژە خۆشەکاندا دەچوینە ناوشاخ و پێدەشتەکان،قوتابییەکان زۆر حەزیان لە خوێندن بوو، خێزان و خانەوادەم خەڵکی گوندەکەبوو، تا مانگی ئادار قوتابییەکانم فێری نوسین و خوێندن کردبوو، ئەوەی باسمکرد بۆ ئەوە دەگەڕێمەوە خۆم حەزم لە سەرکردایەتی هەبووەو حەزی نیشتیمانپەرەوەری وای لێکردم خزمەت بکەم، وەك گەنجێك بیرەوەریم لەو گووندە زۆرە و لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵیان بووم، فێری فەرهەنگ و کلتووری ئەوان بووم، لەکاتی ئاهەنگی بووك گواستنەوە یەك هەفتە شەوانە تا بەیانی هەڵدەپەڕین، کاتی ئاهەنگەکان خەڵکەکە دەیانگوت: لۆکەسی مامۆستا بێنن لەسەر بەرمیلێك لە ناوەڕاستی شایی دایبنێن تا**



هەڵپەڕین، هاوشان لەگەڵ گۆرانی گەنجەکانی گوندەکە ئەو موسەجەلەی من کە بە کاسێت گۆرانی دەخرایەسەر، کچان و کوڕانی گوندە بەیەکەوە هەڵدەپەڕین تا بەیانی هەڵدەپەڕین بە بێ وەستان.

دکتۆر ئەحمەد سەبارەت بە سەروبردەی ئەو سەرپەرشتیارە پەروەردەیی ئەوسا سەردانی قوتابخانەکەی کردووە کە رۆژێك بەر لە جەژنەکانی نەورۆزبوەو ئەویش بۆ پشوو لە رۆژی ١٩ی ئادار دوای نیوەڕۆکەی گەڕاوەتەوە بۆ شاری هەولێر بە مەبەستی بەشداریکردنی لە جەژنی نەورۆز لەگەڵ خانەوادەکەی دەڵێت: بۆ یەکەمینجاربوو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی (مامۆستا زاهیر هەناری) دوو رۆژ لەبەر نەورۆز سەردانی قوتابخانەمانیکرد، هەرچەندە بۆ من رۆژێکی ناخۆش بوو، چونکە بە داخەوە ئەو سەردانی ئەو شوێنەی کرد، کە من لە گوندەکە دەرچووبوم بە پیادە پێنج تا شەش کاتژمێر رێگە بوو بەرەو شاری کۆیە تازە گەیشتبوومە کۆیە، کەچی ئەویش سەردانی قوتابخانەکەی کردبوو منیش لەوێ نەبووم، لە قوتابخانە هەموو قوتابییەکانی کۆکردبووەوە، سەیری کردبوو قوتابخانەیەکی نمونەییە لەو گوندەو زانیاری لەسەر کەسایەتی من وەرگرتبوو، شتی جوانی نوسینی لەو دەفتەرە نوسیبوو کە دامنابوو بۆ سەردانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، لە دەفتەرەکە نوسیبووی:( سەردانی قوتابخانەی کرد مامۆستام نەبینی، بەڵام زانستم بینی، لەگەڵ ئەوەی قوتابی پۆلی یەکەمی سەرەتایین زۆر شت فێربوون)، پاش ماوەیەك ئەو سەرپەرشتیارە پەروەردەییە منی بینیوەو دەستخۆشی لێکردم کە چۆن قوتابخانەکان رازاندۆتەوە بە هۆیەکانی فێرکردن و سیستەمێکم رێکخستووە بۆ کاروبارەکانی ئەو قوتابخانە خنجیلانەیە.



دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی پاش ئەوەی ماوەی ساڵێك خزمەتی بەو قوتابخانەی ئەو گوندە کردوەو جارێکی دیکە رۆڵی هەبووە لە دووبارە دەستکردنەوە بە خوێندن و دروستکردنەوەی قوتابخانەو بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری لەو ناوچەیە خەڵکەکەی لەبەرخۆشەویستیان بۆی، ناوی دەنێن مامۆستا ئەحمەد شیوەجانی، بەڵام ئەو خزمەتەی لەو گوندە لە ساڵێك تێپەڕ ناکات، کەسێکی دیکەی گوندەکە بڕوانامە وەردەگرێت و لەوێ دادەمەزرێت و دزەیی دەگوازرێتەوە بۆ گوندێکی دیکە نزیك لە شیوەجان هەر لە دەشتی کۆیە.

# له دەشتی کۆیەوە بۆ دەشتی بەڕانیان



دکتۆر ئەحمەد کە ئەوسا مامۆستای قۆناغی سەرەتایی بووە، پاش ئەوەی لە گوندی شیوەجان، ئەزموونی ساڵی یەکەمی مامۆستایەتی بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێنێت، بۆ ساڵی پاشتر لە ساڵی١٩٧٦ دەگوازرێتەوە گوندێکی دیکە هەر لە دەشتی کۆیە بەناوی ( خەرابەی عەزیز صالح ئاغا) کە ئێستا پێیدەڵێن ناحیەی ئاشتی، وادیارە سەرباری خۆشەویستی دزەیی بۆ شیوەجان، بەڵام بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندەکە هێشتا گوندە تازەکەی پێ خۆشتر دەبێت بە هۆی ئەوەی شوێنەکە کراوەتربووە و شوێنی هاتووچۆبووە، لە گوندەکانی دیکە نزیك بۆتەوەو کەمتر بە پیادە هاتووچۆی کردووەو لەبەرئەوەی زیلێکی سەربازی کۆن کە ژمارەی شارستانی وەرگرتبوو رۆژانە لەسەر زێی بچووك هاتووچۆی دەکرد لە گوندەکانی دەشتی کۆیە تا شاری کۆیەو گەڕایەوە، ئەو شۆفێرە ناوی (حەمە سنجان)داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵکی گوندەکانی جێبەجێدەکرد، جگە لەوەش ئۆتۆمبێلێکی جۆری جێب هاتووچۆی دەکرد لە نێوان گوندەکان و شاری کۆیەو ناحیەی تەقتەق کە شۆفێری ئەو جێبە ناوی (ئەحمەد شەریف تەقتەقی) بوو

زۆر دۆستمان بوو، شەو لامان دامایەوە لە خەرابە، قوتابخانەکەش بە بەراورد بە قوتابخانەی شیوەجان گەورەتربووە( شەش پۆلی) بووە، لەو قوتابخانەیە بابەتەکانی (بیرکاری و زمانی ئینگلیزی) گوتوتەوە بە قوتابیان، جێگای ئاماژەیە لێرە کە باس لە دۆستێکی خۆشەویستم کەهاوپیشەم بوو ئەویش (مامۆستا هەیمان فەتاح ئاغا قەلانچۆغانی) کە دواتر بەیەکەوە گواسترainەوە قوتابخانەی قەلانچۆغان، لەو گوندەش ماوەی ساڵ و نیوێك ماوەتەوە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٨ دزەیی شانازی دەکات کە خزمەتی لەو گوندەش کردوەو شانازی بە قوتابیان و مامۆستایان و خەڵکی دەشتی کۆیە دەکات کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەشێکی زۆری خزمانی گوندەکە بەتایبەتی نەوەکانی عزیز صالح ئاغا (کاك عەبدە ئاغا، کاك لوقمان ئاغا)و هەروەها مامۆستا هاوپیشەکانی (عبدالله، دڵزار، ، جمال، سالار، محمد، هەیمان ئاغا) هەر ماوەو یادی رۆژە خۆشەکان دەکەنەوە.

دکتۆر ئەحمەد هەر لە منداڵییەوە هەستی بەرپرسیاریەتی و رۆحی خزمەتکردن و نیشتیمانپەروەری و گیانی کوردایەتی تێدابووە، ئەوەش وایکردووە لە هەر شوێنێك بوونی هەبوبێت، رەنگدانەوەی



لەسەر ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە هەبێت، لە خزمەتکردنی لە یەکەم ئەزموونی ژیانی مامۆستایەتیدا شوێنەواری لەسەر قوتابخانەی هەردوو گوندی دەشتی کۆیە داناوەو ئەوجارەش بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ لەگەڵ مامۆستا هەیمان دەگوازرێنەوە قوتابخانەکانی دەشتی بەرانیان، وەك خۆی دەڵێت وەرچەرخانێکی گرینگ لە ژیانمدا روویدا کە هیچ کات لە بیری ناکەم، دزەیی چیرۆکی مامۆستایەتی لەو دەفەرە دەگێڕێتەوە بۆمان دەڵێت: نزیکەی دوو ساڵ لە قوتابخانەی گوندی (قەلانچۆغان) کە نزیك گوندی گەزنەیە پشت ئەو شوێنەی ئێستا فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێری تێدایە، ئەو دوو ساڵە کێشەی زۆرمان هەبوو، بەهۆی ئەوەی نزیکی شاری هەولێربوو، کەسانی ناو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە سەر بەناحیەی خەبات کە نزیك بوون لە بەعس زۆرترین چاودێریان لەسەر گوندەکانی دەوروبەری هەولێر هەبوو، ئەوەش کێشەی بۆ دروست دەکردین، لەو قوتابخانەیەی ئێمەی تێدابوو، ژمارەی مامۆستایەکان (٦ تا٧) مامۆستا بوو، کەس لە ئێمە نزیك نەبوو لە بەعس، بۆیەشە بەردەوام کێشەمان بۆ دروست دەکرا، دوو لە بەڕێوەبەرەکانیشمان پاشتر پەیوەندیان بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، سەرکردایەتی شۆڕش کرد، یەکێك لە بەڕێوەبەرەکان بەناوی (رەجەب تەیب ئاکرەیی) لە پرۆسەیەکدا دەستگیرکراو لە بەندیخانەی ئەمنی هەولێر بەداخەوە شەهیدکرا، پاشان بەڕێوبەرێکی دیکەمان هەبوو لە کاتێکی نادیار وون و شەهید بوو، ئیتر لەو گوندە نارەحەتی زۆرمان بینی لەو گوندە لەسەر دەستی بەعسییەکان.

هەر لەو قوتابخانەیە رۆژێك خوالێخۆشبووو مامۆستا شێخ کەمال بەرزنجی وەك سەرپەرشتیاری پەروەردەیی سەردانی

قوتابخانەکەی کرد ئەوکاتە من بابەتی زمانی ئینگلیزی پۆلی شەشەمی سەرەتاییم دەگوتەوە، هەواڵیان پێدام کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەیەوێت بێتە پۆل، من لە ناو دەرس گوتنەوە ئامادەییم دەربڕی بەخێرهاتنی دەکەم با بێتە پۆل، پاش هاتنە پۆل لە ماوەیەکی زۆر کەمدا مایەوەو بە خێرایی رۆیشتە دەرەوە، کە بۆمن زۆر ناخۆش بوو، توشی سەرسوڕمان بووم، پاش تەواوبونی دەرەسەکە، رۆیشتمە ئیدارە، ئەو سەرپەرشتیارە هەر لەوێ مابوو، بانگی کردم، لێیپرسیم تۆ لە کێ فێری ئەو زمانە ئینگلیزییەبووی؟. منیش لە وڵامدا گوتم: لە ژیانی خۆم هەوڵمداوە فێری ئەو زمانە بم و دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێرم. پاشان گوتی: بۆ زانکۆت تەواو نەکردووە؟ منیش لە وەڵامدا گوتم: لەبەرئەوەی دەرفەتم بۆ نەڕەخساوە بۆیە بەردەوام نەبوومە لە خوێندن، جارێکی دیکە پرسیاری لێکردم تۆ خەڵکی کوێی و کوڕی کێی؟ منیش خۆم ناساند، لەوەدەچوو دۆستی خانەوادەی ئێمەبووەو باوکمی دەناسی، پێی گوتم چۆن تۆ لەو بنەماڵیەو ئەو پێگەیەدای، قبوڵت کردووە بە مامۆستای سەرەتایی بمێنێت و بڕوانامەی بەرزترت بە دەستنەهێناوە کە ئاستت ئەوەندە بەرزەو بەو زمانە ئینگلیزیە پاراوە قسە دەکەیت؟ لەو کاتەدا گوتی پێویستە بەیانی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بکەیت، ئێمە کورسی خوێندنمان هەیە لە زانکۆی سلێمانی ، تۆ باشترین کەسی بخوێنیت لە زانکۆ و بڕوانامەی بەرزتر بە دەستبهێنیت،

سەردانەکەی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ کەمال بەرزنجی بۆ قوتابخانەی قەڵانچۆغان وەرچەرخانێکی گرینگ بووە بۆ دکتۆر دزەیی وەك خۆی دەڵێت: منیش هەمیشە قەرزاری خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ کەمالم، کە ژیانی منی گۆڕی و وایکرد من لە

زانکۆی سلێمانی دەست بە خوێندن بکەم بۆ ئەوەی بڕوانامەی بەرز بە دەستبهێنم. دزەیی باس لەوە دەکات پێش ئەوەی مامۆستا کەمال کۆچی دوایی بکات لە بۆنەو پرسەکاندا یەکتریمان بینیوەو لە ناو خەڵك  بە دەنگێکی بەرز دیگوت کە لە مامۆستای سەرەتاییەو ئەو کردویەتیە سەرۆکی زانکۆو هەموو کاتێکیش دەستی ئەوو مامۆستاکانی دیکەم ماچ کردوەو بە شانازییەوە دەستی مامۆستایەکانم ماچ دەکەم، دەشڵێت: مامۆستا شێخ کەمالی رەحمەتی بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو ببێتە سەرۆکی زانکۆ، چونکە ئەگەر ئەو رێگەی خۆش نەکردبایە لە زانکۆی سلێمانی درێژە بە خوێندن بدەم، ئەوە ئێستا نەدەبوومە سەرۆکی زانکۆ و بڕوانامەی بەرزتر بەدەست بهێنم.

دکتۆر ئەحمەد وێڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ناسراوی هەولێرەو لە خانەوادەیەکی ناسراو پەروەردە بووە، بەڵام ئەو نازناوەی وەك ئامراز بەکارنەهێناوە بۆ گەیشتن بە خەونەکانی، بەڵکو هەمیشە بە هێزی ئەقڵ و هۆشمەندی و تێکۆشانی هزری خۆیەوە، سەرکەوتووە بە سەر پایەکانی پەیژەی گەیشتن بە خەونەکانی، لە سەرەتایی ژیانییەوە هیچ پایەیەکی بە شێوەی بازدان نەبڕیووە، بەڵکو بەسەر هەموو پایەکاندا رۆیشتووە، لەو روانگەشەوە هیچ کاتێك ناوی ئەو کەسانە لە بیر ناکات، کە دەستیانگرتوەو بوونەتە هۆکاری سەرکەوتنەکانی، کە لە بەشی دیکەی چیرۆکەکانی ژیانی خۆیدا بۆمانی باس دەکات و ناوی یەکە یەکەی ئەوانە دەهێنێت لە پشتییەوە بوونەو یا وەك تیم بەشدار بوونە لە سەرکەوتنەکانی و هیچ کات خۆی ناکاتە تاکە پاڵەوانی سەرکەوتنەکان، هەمیشە ناوی کەسێك دەهێنێت کە پشت و پەنای بووە.

# ئەو وێستگەیەی ژیانی گۆڕی

یەکیکی دیکە لە وێستگەکانی ژیانی دکتۆر ئەحمەد، وەرگیرانی بووە لە بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٨، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاتەکەی درەنگ بووە ئەو ساڵە دەوامی نەکردووە. دکتۆر دزەیی چیرۆکی وەرگیرانی دەگێڕیتەوە و دەڵێت: یادی بەخێر دکتۆر خەسرۆ غەنی شاڵی کە لە لە ساڵانی (١٩٨١-١٩٩٤) بۆتە سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، ئەو کاتە راگری کۆلێژی کشتوکاڵ بووە، لە رێگەی ئامۆزایەکم بەناوی پرۆفسیۆر دکتۆر ئەڵوەند رەشید تاهیر دزەییەوە کە ئەوکات قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی خاك و ئاوو بوو چوومە لای دکتۆر خەسرۆ غەنی شاڵی کێشەی وەرنەگیرانم بۆ باسکرد کە ئێمە چوار مامۆستاین لەلایەن تۆماری زانکۆ پێیان گوتین کە درەنگ هاتووین نابێت بخوێنین ئەمساڵ، پاشان خوالێخۆشبوو پەیوەندی بە سەرۆکی زانکۆی ئەوسای سلێمانیکرد، پێی گوتین بڕۆنە لای سەرۆکی زانکۆ ئێستا بۆتان چارەسەر دەکات، کە رۆیشتین بۆ لای سەرۆکی زانکۆ یادی بەخێر کاك ئارام کە ماوەیەکیش بەڕێوەبەری سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین بوو لەوێ بوو، بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرۆکی زانکۆبوو، ئێستا خانەنیشینەو خەڵکی سلێمانییە، خۆزگە هەموو کەس وەك ئەو وابێت، رەفتارێکی جوانی لەگەڵ کردین، زۆر رێزی لێناین هیچ کاتێك لە بیری ناکەم وئەو کاتانەی هاتۆتە لام هەمیشە باسمکردووەو چاکەی ئەو لە بیر ناکەم، کاك ئارام زۆر پاڵپشتی ئێمەی کرد و بردینیە لای سەرۆکی زانکۆ پشتگیری مامەڵەکەی ئێمەی کرد، سەرۆکی زانکۆ گوتی بیانبە ئۆفیسی خۆت و چییان دەوێت بەو شێوەیە نوسراویان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر

بکە، کاك ئارام بووە هـۆکاری ئەوەی ئێمە ئەو چوار مامۆستا وەربگیرێن بۆ ساڵی پاشتر لە ساڵی ١٩٧٩ وەرگیراین و دەستمان بە خوێندن کرد، کە لە نوسراوەکەدا وای نوسیبوو ئێستا کات درەنگەو مانگی یەکە، پێویستە لە ساڵی داهاتوو لە مانگی ١٠ دەست بە خوێندن بکەن، ئەگەرنا هیچ کات نەماندەتوانی لە مانگی ١٠ بگەڕێنەوە خوێندن.



پرۆفیسۆر ئەحمەد دزەیی، لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٧٩ ماوەی چوار ساڵ خزمەتی کردووە وەك مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی لە چەندین قوتابخانەی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە منداڵی پەروەردەو فێرکردووە. بەهۆی زرینگی و حەزکردنی لە خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر لە پێناو خزمەتکردنی کوردستان، لە ساڵی ١٩٧٩ لە بەشی کیمیای کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی

سلێمانی وەردەگیرێت.

دکتۆر بە حەسرەتەوە وەك ئەوەی هەنووکە ساڵی ١٩٧٩ بێت و ئەو رۆژانە بێت کە لەگەڵ مامۆستا فەرهادی هاوڕێی کە پاشان بۆتە مامۆستای زانکۆ چیرۆکی یەکەم موحازەرەی زانکۆی سلێمانی دەگێڕێتەوەو بە پێکەنینەوە باس لەو رۆژانە دەکات و دەڵێت: لەگەڵ مامۆستا فەرهادی هاوڕێم کە ئێستا لە شاری ماڵمۆی سوید دەژی بە هۆی بارودۆخێکەوە چۆتە دەرەوەی وڵات، نەچووینە بەشەناوەخۆیی، بەڵکو چوینە هۆتێلێك، لە یەکێك لە هۆڵەکانی خوێندن، هەردووکمان لە ریزی پێشەوە دانیشتبووین و دەفتەرمان پێبوو، سەرنجەکانی خۆمان دەنووسی لەگەڵ ئەو قسانەی مامۆستا دەیکات لە بارەی موحازرەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی ئێمە گەورەتربوو، جلوبەرگمان جیاواز بوو، بەهۆی ئەوەی قوتابییەکانی دیکە گەنج بوون لە ئامادەییەوە هاتبوو، ئێمە چەند



ساڵێك خزمەتیی مامۆستایەتیمان هەبوو، لە وانەی بایەلۆجی مامۆستایەکە بەناوی دکتۆر عەبدول لەتیف مەولان  کە ئێستا لە نیوزلەندا دەژی، ئێمەی بینی بەو شێوەیە گوتی: دەکرێ دوای تەواوبوونی دەرسەکە بێنە لام لە ژوورەکەم؟ ئێمەش بە بەڵێ وەڵاممان دایەوەو رۆیشتینە لای، کە زانی مامۆستای سەرەتایین و مۆڵەتمان وەرگرتوە بۆئەوەی دەست بە خوێندن بکەینەوە، ئامۆژگاریکردین گوتی: دەبێت ئێوە جیاواز بن لەوانی دیکە، بەڵکو دەبێت ببنە یەکەمی سەر ئاستی بەشەکە و زۆر ئامۆژگاری دیکەی کردین.

دکتۆر دزەیی جارێکی دیکە نایشارێتەوە دکتۆر عەبدولەتیف هۆکاری سەرەکی بوەو لە وەی ببێتە یەکەمی سەر ئاستی بەشەکەی و مامۆستا فەرهادی دووەمی سەر ئاستی بەشەکەو لە قۆناغەکانی دیکەی زانکۆیشدا ئەو قسانە ئەو مامۆستایە پاڵنەری سەرکەوتنەکانی بووە. دکتۆر ئەحمەد دەڵێت بەهۆی ئەو قسانەی ئە مامۆستایەوە  زۆر هانیداین دوو جۆر کالاس هەبوو، یەکیان هەموو قوتابییەکان بەیەکەوە بووین، ئەوەی دیکە ئێمە هەردووکمان لە یانەی قوتابیان یا باخچەکانی کۆلێژ دەرسمان بە قوتابییەکانی دیکە دەگووتەوە، ئەوەبوو  لە قۆناغی یەکەمی بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی من ببمە یەکەمی سەر ئاستی بەش و مامۆستا فەرهادیش ببیتە دووەمی سەر ئاستی بەش.

# قۆناغی هاوسەرگیری و
# یەکەمبوون لەسەر ئاستی کۆلێژ



پشووی هاوینی ساڵی ١٩٨١، گۆڕانکاریەکی دیکە لە ژیانی دکتۆر دزەیی دێتە کایەوە، بیرۆکەی هاوسەرگیری دێتە مێشك و هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوونێکی نێو هۆزەکەی خۆیان کە کچی مامی خۆی بووە بەناوی (نەزیفەی کچی برایم ئاغا) ئەنجام دەدات، هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو خاتوونە بەڕێزە کە ئێستا خانەنشین بووەو مامۆستایەکی بەتوانابوەو بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووی قوتابخانەی ئەمین زەکی بەگ لە شاری هەولێر بووە.



پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی کە نەیتوانی لە ژیانی هاوسەریدا نەوەیەك لە دوای خۆی بە جێبیلێت بەهۆی نەخۆشکەوتنی هاوسەرەکەی و بووە هۆی ئەوەی کەوا هاوسەرەکەی نەتوانێ ئەو خەونەی دکتۆر دزەیی



**بێهێنێتەدی، بەڵام  لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، خاتوو نەزیفەی خێزانی پاڵپشتی تەواوی بووە کە رۆڵی  سەرەکی هەبووە تا دکتۆر دزەیی بەردەوام بێت لە خوێندنی دکتۆراکەی و هەموو بوارەکانی تری ژیانیدا لە گشت قۆناغەکانی بەیەکەوەبوونیاندا، بە گووتەی دکتۆر ئەحمەد لە پشت هەموو سەرکەوتنەکانی ئەودا، نەزیفەی هاوسەری بوونی هەبووە.**

**وا دەکات خوێندنەکەی بگوازێتەوە زانکۆیەکی نزیکتر لە شاری هەولێرو خانەوادەکەی و خۆی گواستەوە زانکۆی موسڵ، کە بە پێی رێنماییەکان هەر قوتابییەك خۆی بگواستایەوە دەبوایە نمرەی لە (٨٠٪) کەمتر نەبێت تا گواستنەوە لە زانکۆی ئاست نزمەکانەوە بۆ زانکۆی ئاست بەرزەکان ئەنجام بدات، هەرچەندە درەنگ مامەڵەی گواستنەوەکەیان جێبەجێکراوە، بەڵام لە ماوەی یەك هەفتەدا لەگەڵ مامۆستا فەرهاد دەگەنەوە ئاستی قوتابییەکانی قۆناغی دووەمی بەشی کیمیای زانکۆی موسڵ و بەسەرکەوتوویی**

**ئەو ساڵە دەرباز دەبن بۆ قۆناغی سێیەم.**

**پاش ئەوەی حکومەتی ئەوسای عێراق لە ساڵی ١٩٨١ زانکۆی سلێمانی دەگوازێتەوە شاری هەولێرو ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ زانکۆی سەلاحەدین، دکتۆر ئەحمەد بە دەرفەتی دەزانێت خۆی بگوازێتەوە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر دیسان بەهۆی ئەوەی نمرەکەی لە ئاستێکی بەرزدابوە دیسان خۆی و مامۆستا فەرهاد دەگوازرێنەوە زانکۆی سەلاحەدین.**

**لە کاتی گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ شاری هەولێر، ئەوکاتە قوتابیان و مامۆستایانی ئەو زانکۆیە هەموو دەگوازرێنەوە شاری هەولێر، دکتۆر ئەحمەد بە هاوڕێیەتی مامۆستا فەرهاد کە خەڵکی شاری هەولێربوەو بەیەکەوەش لە دوو قۆناغی خوێندن لە هەردوو زانکۆی سلێمانی و موسڵ بەردەوام بوونەو یەکێك بوونە لە قوتابییە زیرەکەکان، ئەو قۆناغە بە دەرفەت دەزانن کە هاوکاری هاوڕێ قوتابییەکانیان و مامۆستاکانیان بکەن کە لە قۆناغی یەکەمی زانکۆی سلێمانی ئاشنایەتیان لەگەڵیاندا هەبووە، پاش دوو ساڵ لە بەردەوامیدان لە خوێندن دزەیی لە ساڵی ١٩٨٣ بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی بەشەکانی کۆلێژو بەشی کیمیا لە کۆلێژی پەروەردە بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە دەستدەهێنێت. دزەیی پاش ئەوەی زانکۆ تەواو دەکات جارێکی دیکە بەردەوام دەبێت لە خزمەتی پەروەردەیی لەشاری هەولێر وەك مامۆستای پسپۆڕی کیمیا لە دواناوەندی جۆلانی بەیانیان و موستەقبەلی ئێواران.**

دکتۆر ئەحمەد لەو کاتەی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی کۆلێژی پەروەردە بە دەستدەهێنێت و نازناوی موعیدی وەردەگرێت، لە ساڵی ١٩٨٥ لەسەر داوای بەشی کیمیای کۆلێژی پەروەردە خزمەتی دەگوازێتەوە بۆ ئەو بەشەو وەك موعید دەست بەکاردەبێت و سەرپەرشتی تاقیگەکان دەکات و لەگەڵ کاری وانەوتنەوە لەتاقیگەکان لە هەمان کاتدا لەگەڵ مامۆستایەك بەناوی( حسێن عبد) لە بەشی کیمیا تویێژینەوەیەك لە ساڵی ١٩٨٥ ئەنجامدەدات ولە (Chemical Abstract) بڵاوی دەکاتەوە، دەبێتە یەکێك لە متمانەپێکراوەکانی بەشەکە.

دکتۆر دزەیی دوای ئەوەی سەرکەوتوو دەبێت لە گشت قۆناغەکانی خوێندن و لە موعیدیش، پاشان دەست بەخوێندنی ماستەر دەکات تا لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی کیمیا بە دەست دەهێنێت لە کیمیای شیکردنەوە بە سەپەرشتی هەردوو



بەڕێزان (دکتۆر شێروان بابان و دکتۆر فەهمی ئەحمەد)و دواتر وەك مامۆستای یاریدەدەر دەبێتە وانەبێژ لەو بەشەو پاشان بە هۆی لێهاتووییەوە لە ساڵی١٩٩٠دەکرێتە بڕیاردەری بەشی کیمیا، لەبەرئەوەی کەسێکی کۆمەڵایەتی بووەو هەمیشە حەزی لە هاوکاری و بەرگریکردن بووە لە هاوپیشەکانی لە ساڵی ١٩٩٤ دەکرێتە نوێنەری مامۆستایانی بە هەڵبژاردن لە ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە سەر پشتیوانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك کەسی دووەم کە ئەوسا دوو کەس دەبوونە نوێنەر، نوێنەری یەکەم خواڵێخشۆبوو دکتۆر کەمال خۆشناو لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دکتۆر ئەحمەد دزەییش وەك نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردە دادەنیشتن. دکتۆر ئەحمەد دەڵێت: کاتێ چوینە ئەنجومەنی کۆلێژ خوالێخۆشبوو دکتۆر کەمال خۆشناو گوتی هەموو دەسەڵاتەکانی خۆم دەدەمە مامۆستا ئەحمەد دزەیی، چونکە دەزانم کەسێکی پیشەییەو خزمەت بە هەموو مامۆستایان دەکات.

لە هەمان کاتدا لە نێوان ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٤) بەهۆی لێزانی و دڵسۆزییەوە بۆ کۆلێژ و پابەندبوون بە ڕێنماییەکان دکتۆر ئەحمەد دەکرێتە ئەندامی لیژنەی تاقیکردنەوەکان لەسەر ئاستی کۆلێژی پەروەردە، هەر ساڵی ١٩٩٤ بەرهەمی توێژینەوەکانی دەچنێتەوەو لەگەڵ هەردوو مامۆستای بەشی کیمیا (پرۆفسیۆر دکتۆر نەبیل عادل فەخری و پرۆفسیۆر دکتۆر سەرمەد بەهجەت) وەك تیم کار دەکەن و پلەی زانستی لە مامۆستای یاریدەدەر بەرز دەبێتەوە بۆ مامۆستا. پێش ئەوەی دەست بە خوێندنی دکتۆرا بکات لە نێوان ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٦) دەبێتە بەڕێوەبەری کۆگای کیمیاوی لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

# چیرۆکی مەرەکەبەی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

بڕیاری ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩، یەکێك لە بڕیارە گرینگ و مێژووییەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بوو، ئەمە قسەی دکتۆر ئەحمەد دزەییە کە ئەوسا بەڕێوەبەری کۆگای کیمیاوی زانکۆی سەلاحەدین بووە لە شاری هەولێر.

دکتۆر ئەحمەد باس لە چیرۆکی مەرەکەبە دەکات و دەڵێت: بڕیار بوو رۆژی هەڵبژاردن ئەو مەرەکەبە لە ئەڵمانیاوە بۆ کوردستان بێت، تا لە رۆژی هەڵبژاردن رێگری بکرێت لە کاری ساختەو دەنگدانی دووبارە یا زیاتر، ئەوە بوو هەواڵێکم لە لایەن دکتۆر محەمەد رەشیدی برای دکتۆر نەجمەدین کەریم بۆهات کە مامۆستامان بوو لە بەشی کیمیای کۆلێژی زانست، کە لەلایەن بەڕێزان جەنابی سەرۆك بارزانی و خوالێخشبوو جەنابی مام جەلال تاڵەبانی پێیراگەیاندراوە ئەو مەرەکەبە هاتووە لە ئەڵمانیاوە جۆرەکەی گۆڕاوەو میسداقیەتی نیەو داوایان لە زانکۆ کردووە هاوکاریان بکەین لە ماوەی سێ رۆژدا، ئەوە بوو ئەو کات من بەڕێوەبەری کۆگای کیمیاوی زانکۆ بووم ئاگاداری هەموو شتێك بووم، ئەوە بوو دانیشتنێکمان کردو جۆری مەرەکەبەکەمان دیاری کردو پێداویستییەکانمان نووسی و بۆمان ناردن تاوەکو بۆمان دابین بکەن، ئەوەبوو گوتیان بۆمان دابین دەکەین و من و دکتۆر محەمەد رەشید لەگەڵ دکتۆر صالح نەجیب، دکتۆر نەبیل عادل، دکتۆر شێروان بابان، د.حەمە تاهیر، دکتۆر ئازاد صدیق، مامۆستا فەریدون، دکتۆر عوسمان حەمەئەمین، ئێمە موادەکانمان کۆکردەوە هەمووشتیان لە بەردەست داناین،

ئێمە (٤٨) كاتژمێر لە كۆلێژی زانست ماینەوە بە ماوەیەكی پێوانەیی مەرەكەبەكە دروستكرا و نێردرا  بۆ گشت شارەكان و گۆڕانكاری تێدا نەكرا، من ڕۆژی هەڵبژاردن بەرپرسی سەرەكی هەموو بنەكەكانی ناو شاری هەولێر بووم و سەدریەو دەستم هەمووی مەرەكەب بوو خەڵك باوەشیان پێدا دەكردین كە دەیان بینی ئێمە لە زانكۆ كاری لەو شێوەمان كردووە، ئەوەبوو مەرەكەبی یەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە زانكۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر لەسەر دەستی ژمارەیەك مامۆستا دروستكرا، كە جێگەی شانازی هەمووانە.

دكتۆر دزەیی باس لەوە دەكات لە پارێزگای هەولێر لە ڕۆژی هەڵبژاردنەكەی مایسی ١٩٩٢ داوایانكردووە وەڵامی ڕۆژنامەنووسە بیانییەكان بداتەوە كە گوایە ئەو مەرەكەبە ساختەی تێدایە، یەكێك لە ڕۆژنامەنووسەكان بە ئینگلیزی بە دكتۆر ئەحمەدی گوتووە كە كەسێكی دەنگدەر دەنگیداوەو توانیویەتی مەرەكەبە رەش بكاتەوە، ئەو لە وەڵامدا داوای بەڵگەی كردووەو ئەوانیش كەسێكیان بۆ هێناوە كە پەنجەكەی هەر بە مەرەكەب بووە، دزەیی پەنجەی  ئەو كەسەی دەنگەكەی داوە بە ڕۆژنامەنووسەكە پیشانداوە ئایا ئەو كەسە دەنگیداوە یا نا؟ ڕۆژنامەنووسەكە لە وەڵامدا پێی گوتووە بەڵێ دەنگی داوە، ئەویش پێی گوتووە كەوایە ئەی كێشەكە لە چیدایە، ڕۆژنامەنووسەكە گوتوویەتی نوێنەری یەكێك لە لایەنە سیاسییەكان گلەیی كردووە، دواتر زانرا ئەو برادەرەی سەر بەلایەنێك بوو چاوی هەڵنەداهات بەو پرۆسەیەو كێشەی دروست كردووە، بۆیە ئەویش لەوێ لەبەردەم هەموویان گوتویەتی ئەگەر كەسێك بۆ دەنگێكی زیاد، بۆ ئەو حیزبەی مەبەستیەتی پەنجەی بخاتە نێو تێزاب ئەو دەنگەی پیرۆز بێت.

# له كوردستانه‌وه به‌ره‌و ئوستراليا



**دكتۆر ئه‌حمه‌د تا سالانی شه‌ڕی ناوه‌خۆ له كوردستان، بیری له‌وه نه‌كردوبویه‌و بچێته ده‌ره‌وه‌ی ولات، ته‌نانه‌ت بۆ خوێندنیش بیری له‌و نه‌كردبوویه‌وه بچێته ولاتانی دیكه، كه‌چی به‌هۆی ئه‌و دۆخه نه‌خوازراوه‌ی رووبه‌ڕوی كوردستان ببویه‌وه به ناچاری بڕیاری چوونه ده‌ره‌وه‌ی كوردستان ده‌دات بۆ ولاتی ئوستراليا به‌هۆی ئه‌وه‌ی برا بچوكه‌كه‌ی له‌و ولاته په‌ناهه‌نده‌یه، وه‌ك خۆی ده‌ڵێت ماوه‌ی دوو ساڵ هاتووچۆی كۆماری ئیسلامی ئێرانی كردووه تا فیزای ئوستراليای وه‌رگرتووه و له رێگه‌ی فڕۆكه‌خانه‌ی تارانه‌وه بچێته ئوستراليا، ئه‌وه‌ش ناشارێته‌وه له‌ماوه‌ی ئه‌و دوو ساڵه‌دا توشی چه‌رمه‌سه‌ری و زه‌حمه‌تی زۆر بۆته‌وه‌و ئاسته‌نگی زۆری هاتۆته به‌رده‌م. دكتۆر ئه‌حمه‌د ده‌شڵێت نابێت له‌و قۆناغه‌شدا**

ناوی کەسایەتیەك لە بیر بکەم کە بۆتە هۆی ئەوەی من بچمە ئوستراليا ئەویش بەڕێز( عەباس بایز ئاغای سەنگەسەر)ە کەئاسانکاری بۆ کردوومە لە پەڕینەوەم لە سنووری کوردستان و ئێران. لە سونگەی باوەڕبەخۆبوون و متمانەیەکی لە ئەندازەبەدەر بەخۆی، کە خەونی گەورەی هەبووە دکتۆر ئەحمەد لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ لە ریگەی فڕۆکەخانەی تەهرانەوە دەچێتە ئوستراليا، بەڵام ئەوەش ناشراریێتەوە کە هۆکاری سەرەکی چوونە درەوە ئەوە بووە کە ئەو یەکێك بووە لەوانەی مەرەکەبی بۆ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دروستکردووەو مەترسی بۆسەر ژیانی هەبووە، ئەگەر بگەڕێتەوە عێراق

وێستگەیەکی دیکەی ژیانی دزەیی وڵاتی ئوستراليا بووە کە لەگەڵ برا بچوکەکەی ژیاوە، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەك ناسیاوی دیکەی لەوێ هەبووە، بەڵام وەك خۆی دەڵێت: ئیتر لەوێ نەمتوانی ئەو ژیانە لەوێ جیاوازە، کلتووری جیاوازە، دەرگای کراوەیە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، لەو روانگەوە بڕیارمدا دەست بە خوێندن بکەمەوە




**من وەك پەناهەندە رۆیشتم، بە دەرفەتمزانی دەست بە خوێندن دکتۆرا بکەم.**

**دزەیی لە ئوسترالیا نامە ئاڕاستە سێ زانکۆ دەکات و لە هەرسێ زانکۆ نامەی وەرگیرانەکەی دەستکردن بە خوێندنی دکتۆرا قبوڵ دەکرێت، بەڵام ئەو زانکۆی سیدنی هەڵدەبژێرێت و لەسەرەتای مانگی ئاداری ١٩٩٧ لە بەشی کیمیای زانکۆی سیدنی دەست بە خوێندن دەکات، هاوکات لەگەڵ خوێندنی دکتۆراکەی لە پشووی هاویندا شارەزایی وەرگرتووە و چۆتە کۆڕسی زمانی ئینگلیزی هاوشان لەگەڵ هاوسەرەکەی، ئەو دەڵێ لە بەیانیان چوومەتە کۆڕسی زمانی ئینگلیزی و شەوانیش لە کتێبخانەی شارەکە چوومەتە کۆڕسی کۆمپیتەر، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم قوتابیش بووە لە زانکۆ بەهۆی بەرزی ئاستی زمانی ئینگلیزییەکەی راستەوخۆ وەرگیراوەبە بێ کۆڕسی زمان، بەڵام بۆ ئەوەی پەرە زیاتر بە ئینگلیزیەکەی بدات بۆ ماوەی شەش مانگ زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەری تەواو کـردووەو گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە توێژینەوەیەکیش بەزمانی ئینگلیزی لە ئوسترالیا بڵاو بکاتەوە.**

**دکتۆر ئەحمەد لەو کاتەی دەستی بە خوێندنی دکتۆراکە کردوە، سەرپەرشتیاری دکتۆراکەی ناوی (دکتۆر جیمیس بیتی –James Beattie) بووە لە تاقیگە پێی دەڵێت حەز دەکەم ئەمڕۆ نیوەڕۆ داوەتی من بیت و بەیەکەو هەندێ قسەیە هەیە بیکەین، ئەویش قبوڵی دەکات، نیوەڕۆ لە کاتی نانخواردن قسە دەکەن لە بارەی ژیانی دکتۆر ئەحمەد، ئەویش باسی ژیانی خۆی دەکات و پشووەکانیش چۆن لەگەڵ هاوسەرو دۆستەکانی بەسەر دەبەن، سەرپەرشتیارەکەی پرسیاری سەرچاوەی داهاتەکەی دەکات کە چۆن قوتابی دکتۆرایەو بژێوی ژیانی پەیدا دەکات، ئەویش**

وەڵامیدەداتەوە کە هیچ مووچەی نیەو سەرچاوەی سەرەکییەکەی ئەوەیە کە لەلایەن حکومەتی ئوسترالیا وەك پەناهەندە وەریدەگرێت و بە پارەی پەناهەندەیی دەژی، مامۆستاکەی دزەیی پێی رادەگەیەنێت کە ئایا حەز دەکات سکلۆلەرشیپێکی بۆ دابین بکات، ئەویش راستەوخۆ قبوڵی دەکات، وا دیارە ئەو مامۆستایە مەرجێکی هەبووە بۆ تەرخانکردنی سکۆلەشیپەکە ئەویش گۆڕینی ناونیشانی تێزی دکتۆراکەی بووە، هەمدیسان دزەیی ئەوەش قبوڵ دەکات و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانی دزەیی بگۆڕێت و چیتر پارەی پەناهەندەیی لە حکومەتی ئوستراليا وەرنەگرێت و بەو سکولەشیپە بگوزەرێت و خوێندنی دکتۆراکەشی تەواو بکات.

پرۆفیسۆر ئەحمەد لە سەردەمی خوێندنی دکتۆرای کە لە پەناهەندەیی ژیاوە باس لە چیرۆکێکی دیکەی ژیانی دەکات کە بە شانازییەوە دەیگێڕێتەوە کە بۆتە هۆی ئەوەی گووزەرانی باشتر



بێت لەو وڵاتە، کە  لە یەکێك لەو تەلەفۆنەکانەی ئەو کات بۆ شاری هەولێری کردووە لەگەڵ ناسیاو دۆستانی پێیانراگەیاندووە کە یەکێك دەیەوێت بزنسێك بدۆزیتەوەو کارتی تەلەفۆنیان بۆ  بنێرێت ئەو کات  وا دیارە تەنها دوو کۆمپانیای ئاسیا و سەفین هەبوونە لە شاری هەولێر، ودیارە ژمارەی پەناهەندەو نیشتەجێبوەکانی ئوسترالیا دوو تا سێ هەزار کەس بوونە، ئەو کارە بووەتە سەرچاوەی داهات کە لەگەڵ خوێندەکەی ئەو کارەشی ئەنجامداوەو لەگەڵ ئەوەی هەم خوێندویەتی و هەمیش کاری کردووە.

دزەیی لە باســی پەناهەندەیی و ڕۆیشــتنی بۆ ئوسترالیا دەڵێت:



خێرێکــی دیکە لەوە دابووە، من لــەو ماوەیە کە خو ێند نە کــە م تــەواو بکەم و ر ە گە ز نا مــە ی ئو ســتر ا لیش و ە ر بگــر م ، ئەوەش وایکرد کــە زانکۆ پێش بخەم هەرکاتێك بمو یســتیا یە گەشــت بۆ هەر وڵاتێکی دیکەی جیهــان بکــەم



به بێ کێشــه دەمتوانی، کــه ڕەنگە ئــەو ڕەگەزنامەیەم نەبوایە نەمتوانیبایــە ئەو گەشــتانە بکــەم و ئاســتەنگی زۆرم دەهاتە پێشەوە لە بەشداریم لەو کۆنگرەو کۆنفرانسانەی چ لەسەردەمی یاریدەدەریم لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین یا بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەت و دواتر وەك سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

پاش ماوەیەکی زۆر لە پەناهەندەیی و دوور لە کوردستان لە غوربەتەوە هەموو ئاستەنگەکانی بەردەمی دەبڕێت، دواجار بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی سیدنی لە ئوسترالیا بە دەست دەهێنێت و لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە ولات بۆ خزمەتکردن لە زانکۆیەکەی خۆی، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

## لە ئەندامی لیژنەی زانستییەوە بۆ سەرۆکی زانکۆ

پرۆفیسۆر دزەیی لەگەڵ دەست بەکاربوونەوەی لە بەشی کیمیای کۆلێژی پەروەردە وەك مامۆستا لە ساڵی ۲۰۰۳ دەبێتە ئەندامی لێژنەی زانستی و خوێندنی باڵا لە بەشی کیمیا و سەرۆکی لێژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی- کۆلێژی پەروەردە. دکتۆر ئەحمەد هاوشان لەگەڵ خزمەتی کارگێڕی و فراوانکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئەکادیمییەکان، وانەبێژێکی سەرکەوتوو، توێژەرێکی لێزانبووە لە پسپۆڕییەکەی ئەوەش وایکردووە پلەی زانستییەکەی بەرزبێتەوە لە ساڵی ۲۰۰۳ بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەرو لە ساڵی ۲۰۱۸ دەبێتە پرۆفسیۆر.

لە ساڵی ۲۰۰٤ دەبێتە بەڕێوەبەری پەیوەندیەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، لە هەمان ساڵدا دەکرێتە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا، پاش ساڵێك لە ۲۰۰۵ دەبێتە یەکەم یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بۆ پەیوەندییە ئەکادیمییەکان کە یەکەمجاربووە ئەو پۆستە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت، دکتۆر ئەحمەد دزەیی رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە فراوانکردنی پەیوەندییە زانستی و ئەکادیمییەکانی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەهۆی شارەزایی و فراوانی رایەڵەی پەیوەندییەکانی خۆی و لێزانی لە زمانی ئینگلیزی و ئەو تۆڕە فراوانەی هەیبوو لەگەڵ زانکۆ جیهانییەکان وایکرد سەدان رێککەوتننامەی لە یەکگەیشتن لە گەڵ زانکۆ جیهانییەکان واژوو بکرێت، ئەوەش بووە بنەمایەك کە



وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی لە کابینەی پێنجەم کەڵکی لێوەربگرێت کە یەکەم وەزارەتی سەرەتاسەری حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بوو کە تیایدا لەسەر داوای بەرێز دکتۆر ئیدریس هادی، دزەیی بووە یەکەم بەڕێوەبەری گشتی ناردن و پەیوەندییە رۆشەنبیرییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی- حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق لە ساڵی ٢٠٠٦، پاش سێ ساڵ خزمەتکردن لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی وەك بەڕێوەبەری گشتی، لە مانگی ١١ی ٢٠٠٩ دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی ئەرکی گەورەترین و دێرینترین زانکۆ و بەردی بناغەی خوێندنی باڵای پێ دەسپرێدرێت،لێرەدا نابێ رۆڵی بەڕێز (د.ئیدریس هادی صالح) وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەبیربکرێت کە پاڵپشتی بەرێزیان بوو ئەو پۆستە وەربگرێت لەو کاتەوە تا ئێستا کە زیاتر لە ١٠ ساڵ پرۆفیسۆر ئەحمەد دزەیی شەونخونی کردووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی زانکۆو گەشەپێدانی لایەنی کارگێڕی و دووبارە بونیادنانەوەی زانکۆ، دزەیی ئەو کاتەی

ئەركی سەرۆكایەتی گەورە زانكۆكەی كوردستانی پێسپێردا، هێشتا تاڵە مووەكانی سەری رەشبوون، ئێستا دوای ئەو هەموو هەوارزو نشێوە، سالانێك تێپەڕیووە، سەری سپی بووە، بەلام بە هەمان گڕوتنینی یەكەم رۆژی بوون بە سەرۆكی زانكۆو بە هەمان تین و شەوقی رۆژانی دەستبەكاربوونی وەك موعید لە بەشی كیمیا ئەو كات خەونی گەورەی هەبوو، كار دەكات و لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كاتێك لەلایەن لێژنەیەك لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونەوە داوا لە وەزارەتی خوێندنی بالاوتوێژینەوەی زانستی دەكەن تا پلانی چوارساڵەی وەزارەتی خوێندنی بالاوتوێژینەوەی زانستی كە كۆی پلانی چوار ساڵەی دیوانی وەزارەت و گشت زانكۆكانی هەرێمی كوردستان دەگرێتەوە، لە ئەنجوومەنی وەزارەت دكتۆر ئەحمەد دزەیی دەكەنە سەرۆكی ئەو لێژنەیەو لە ماوەیەكی كەمدا، وەك سەرۆكی لێژنە ئەركەكەی جێبەجێدەكات و پلانی چوار ساڵە ئامادە دەكات و پاشان لەلایەن وەزارەتەوە بەرز دەكرێتەوە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تا پەسەند بكرێت و ببێتە بنەمایەك بۆ پلانی چوار ساڵەی وەزارەت. پرۆفسیۆر دزەیی لەو كاتەی زانكۆی سەلاحەدین لە هەولێر دامەزراوە لە دوای پرۆفسیۆری خوالێخۆشبوو خەسرۆ شاڵی زۆرترین ماوەی تەمەنی سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەدینی لە ئەسۆدابووە.

٣٥ ساڵ لەمەوبەر دزەیی تێدەكۆشا بۆ ئەوەی خزمەتی زانكۆ بكات، هیچ كات بیری لەوە نەكردبووەوە كە دەبێتە سەرۆكی زانكۆ و پلەی زانستییەكەی دەبێتە پرۆفسیۆر، وەلێ ناشبێت ئەو خەونەشی نەبێت، چونكە هەر كەسێك بێتە كەرتی خوێندنی بالا دەبێت ئەو خەونەی هەبێت تا بەو عەشقەوە بەسەر پەیژەی

خەونەکانی پایە پایە سەربکەوێت سەرباری هەموو بەربەستەکانی دێنە بەردەمی.

دکتۆر دزەیی، هەنووکە خەونەکانی هەموو هاتونەتەدی، بەڵام وەك خۆی دەڵێت: هەموو ئەو خەونانەی لە ماوەی ۳٥ساڵی خزمەتی زانکۆیی و ۱۰ ساڵەی وەك سەرۆکی زانکۆ هاتونەتەدی، ناگاتە ئەوەی ئێستا لە سەردەمی سەرۆکایەتی مندا کەمپی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر دروستکرابوایە، چونکە ئەو خەونی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەت و من و هەموو هەولێرییەکان و ئەکادیمییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بووە، بەڵام بە داخەوە بە هۆی قەیرانی دارایی لە کوردستان ئەو کەمپە دروست نەکرا).

دزەیی لە پاڵ راپەڕاندنی ئەرکە کارگێڕییەکەی، تا ئێستا سەرپەرشتی (۳) قوتابی دکتۆرای هاوبەش بەشێوەی (سپلت سایت) لەگەڵ زانکۆی (پاڤیا)ی ئیتاڵی و (۱) قوتابی پۆست دکتۆرا لەهەمان زانکۆو (۲٥) تویژینەوەی زانستی هەیە کە لەو گۆڤارە بەناوبانگە ئاست بەرزە ناوخۆیی و جیهانییەکان بڵاویکردونەتەوە و بەهاوکاری دکتۆرە (ڤیان فاروق) ئەمینداری ئەنجومەنی زانکۆ و راگەیاندنی زانکۆ بەتایبەتی هەردوو بەڕێزان (حیدر عبدالرحمان) و (م. هۆشمەند رفیق) خاوەنی دەیان وتارە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە بوارە جۆراوجۆرە سیاسی وکۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و زانکۆییەکان کە لە رۆژنامە بەناوبانگە نێودەوڵەتییەکانی وەك زەمان و شەرقولەئەوست و لەسەر ئاستی ناوەخۆیش رۆژنامەکانی هەولێرو خەبات ...هتد، ئەمە جگە لەوەی سەدان دیمانەی لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوەخۆیی و جیهانی ئەنجامداوەو ماوەی (۱۰) ساڵە

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (زانکۆ پرێس) کە لەلایەن راگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین دەردەرچێت.

دکتۆر ئەحمەد لەسەرەتای قۆناغی ژیانی پەروەردەیی و خوێندنی بالاّ خۆشەویستییەکی لە ئەندازەبەدەری لە گەڵ قوتابیان هەبووەو ئەمەش لەو پەیوەندییەی وانە گوتنەوەی وەك مامۆستای سەرەتایی بە دیار دەکەوێت، چونکە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا قوتابییەکانی فێری نوسین و خوێندنەوە دەکات، جا ئەگەر بێنە قۆناغی خوێندنی لە زانکۆ ئەوە دیسان دەبینین هەمیشە بۆتە فریادڕەسی هاوپۆلەکانی و پاشان لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانی رۆحی سەرکردایەتی و هاوئاهەنگی وایکردووە پاڵپشتی قوتابیان بێت، لەسەرووی هەموو ئەوانەشدا هەم وەك بەڕێوەبەری پەیوەندییە ئەکادیمیەکان و هەمیش وەك یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆو لەلایەکی دیکە وەك بەڕێوبەری گشتی لە وەزارەت و دواترینیشیان وەك سەرۆکی زانکۆ دەرگای بۆ هەموو قوتابیان کراوەبوەو پەیوەندیەکی بەتینیشی لەگەڵ رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان هەبووە، بە تایبەت لەگەڵ نوێنەرانی قوتابیان لە ئەنجوومەنی زانکۆ لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە تا دەگاتە ٢٠١٩، لە نێو هەموو رێکخراوەکانیشدا پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەبووە.



# بەشداری لە چالاکییە زانستییە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتییەکان




**دکتۆر ئەحمەد دزەیی لە ساڵی ١٩٩٠تا ٢٠١٩ بەشداری سەدان کۆنفرانس و کۆنگرەو وۆرکشۆپ و کۆبوونەوەی زانستی و ئەکادیمی کردووەو لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و دەرەکی، کە بەشێکی دەکرێت بخرێتە بەردەم خوێنەر وەك:**

١. **پرۆژەی ئیراسمۆس-پلەس- کۆبونەوەی کۆتایی – لوند – سوید٢٠١٩.**
٢. **کۆنگرەی(٥٢) یەکێتی زانکوکانی عەرەبی – شەرم ئەلشێخ – میسر٢٠١٩.**
٣. **کۆنفرانسی دووەمی نێودەوڵەتی زمانی ئارامی و سریانی – قاهیرە – میسر ٢٠١٩.**



٤. کۆنفرانسی پرۆژەی دادی ئە ڵمانی لە بواری ئایینە جیاجیاکان – پوتسدام –ئەڵمانیا ٢٠١٩
٥. پرۆژەی ئیراسمۆس – تیکریس – برنو – وڵاتی چیك ٢٠١٩.
٦. کۆنفرانسی چاککردنەوەی ریزبەندی زانکۆکان - عەممان – ئوردن٢٠١٨.
٧. پرۆژەی ئیراسمۆس - زانکۆی ١٩ مایس - سامسون - تورکیا ٢٠١٨.
٨. کۆنفرانسی زانکۆی لایبزگ، هەڵسەنگاندنی بەشی زمانی ئەڵمانی، لایبزك، ئەڵمانیا ٢٠١٨.
٩. کۆنگرەی خولی (٥٠) یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی- بیروت- لبنان ٢٠١٨
١٠. کۆبوونەوەی پرۆژەی ئیراسمۆس- تایگریس(برنو وپراگ- وڵاتی چیك، خروننگن، هۆڵەندا: لیوڤن- بەلجیکا ٢٠١٨.

١١. پرۆژەی بەڕێوەبردنی فێربوون ٢٠١٨
١٢. شەشەمین کونفرانسی پەروەردەیی هەرێمی بانکی نێودەوڵەتی - مارسیلیا- فەرەنسا٢٠١٧.
١٣. کۆنفرانسی هەماهەنگی نێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی تورکیا - وان – تورکیا ٢٠١٧.
١٤. چوارەمین کۆنفرانسی زانکۆکانی عەرەبی و ئەوروپی، رەبات- مەغریب.٢٠١٧
١٥. یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی گەلانی ژێر جینۆساید بودابست- هەنگاریا٢٠١٧.
١٦. کۆبوونەوەی پرۆژەی ئیراسمۆس پلەس لشبۆنە- پورتوگال ٢٠١٧.
١٧. دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە بارەی سیستەمی تەندروستی عێراقی کۆینە- تورکیا ٢٠١٦.
١٨. چوارەمین کۆنفرانسی رێکخراوی سپارك ئەمستردام-






هۆڵەندا٢٠١٦.

١٩. چوارەمین کۆڕبەندی سەرۆك زانکۆکانی عەرەبی و چینی عمان- ئوردن٢٠١٦

٢٠. کۆنفرانسی یونسکۆ بۆ پرۆژەی عەلائەددین تایبەت بە قوتابخانەی هاوینە باکۆ- ئازربایجان٢٠١٦.

٢١. کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی مامۆستایانی سەرکردە- سکوپیا- مەکەدۆنیا٢٠٠١٦

٢٢. سێیەمین کۆنفرانسی عەرەبی و ئەوروپی لە بواری خوێندنی باڵا- بەرشلۆنە- ئیسپانیا ٢٠١٦.

٢٣. کۆنفرانسی پـــرۆژەی ئەڵمانی REEPئێرلانگن- ئەڵمانیا٢٠١٦.

٢٤. کۆنگرەی خولی (٤٩)مینی زانکۆکانی عەرەبی ئەلعەین- وڵاتی ئیمارات٢٠١٦.

٢٥. پێنجەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (ICOBAS) سورابایا-

ئەندنۆسیا٢٠١٥.
٢٦. کۆنفرانسی دووەمی زانکۆکانی عەرەبی و ئەڵمانی لە بواری خوێندنی باڵا- هێرگادە- مصر ٢٠١٥.
٢٧. کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ زمان لە ئەنکەرە بەهاوبەشی زانکۆی بیلکەند.
٢٨. کۆنفرانسی دووەمـی رێکخراوی سپارك ئەستەنبۆڵ- تورکیا٢٠١٥.
٢٩. کۆنفرانسی زانکۆکانی نێودەوڵەتی لە ئاڵوگۆڕکردنی رۆشنبیری رابەرایەتی زانکۆی باخچە شەهر٢٠١٥
٣٠. کۆنفرانسی زانستی زانکۆی فاتح- ئەستەنبۆڵ- تورکیا٢٠١٥.
٣١. کۆنفرانسی بانکی نێودەوڵەتی لەسەر رابەرایەتی و دڵنیایی جۆری بەیروت- لوبنان٢٠١٥.
٣٢. کۆنگرەی خولی (٤٨) مینی یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی- بەیروت- لوبنان٢٠١٥.
٣٣. کۆنفرانسی یەکەمی عەرەبی – ئەڵمانی خویندنی باڵا –






کیمنیتس – ئەڵمانیا٢٠١٤.

٣٤. کۆنفرانسی دووەمی عەرەبی – ئەوروپی خویندنی باڵا - عەمان – ئوردن٢٠١٤

٣٥. کۆنفرانسی بە جهانیکردنی خویندنی باڵا – ئەنجومەنی رۆشەنبیری بەریتانی – مەیامی ٢٠١٤.

٣٦. وۆرکشۆپی پەرەپێدانی توانستی مامۆستایان له زانکۆی لاییبزیگ لە ئەڵمانیا ٢٠١٤.

٣٧. سەردانی هەنگاریا بۆ بەشداری لە کۆمەڵەی فیزیگراد ٢٠١٤

٣٨. کۆنفرانسی عەرەبی- تورکی لە زانکۆی ئەستەنبۆڵ و ئەستەنبۆل مەدەنیەت-تورکیا٢٠١٤.

٣٩. کۆنفرانسی بانکی نێودەوڵەتی لە تونس٢٠١٤

٤٠. کۆنگرەی خولی (٤٧)ە مینی یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی – عەمان٢٠١٤.

٤١. كۆڕسی رابەرایەتی لەهەردوو زانکوی ئولدینبرك –ئەڵمانیا و زانکۆی خرونکن لە هوڵەندا ٢٠١٤.
٤٢. کۆنفڕانسی زانستی لە زانکۆی فاتح- تورکیا ٢٠١٣.
٤٣. کۆنفڕانسی زانستی لە نێوان زانکۆی سنسناتی ئەمریکی و زانکۆی سەلاحەدین ٢٠١٣.
٤٤. کۆنفڕانسی عەرەبی- ئەوروپی لە زانکۆی بەرشلۆنە– ئیسپانیا ٢٠١٣.
٤٥. وۆرکشۆپی بانکی نێودەوڵەتی -پرۆسەی دڵنیایی جۆری ومتمانە بەخشین-واشنتۆن٢٠١٣.
٤٦. کۆڕبەندی سەرۆك زانکۆکانی ئاسیا لە بۆسان کۆریا٢٠١٢
٤٧. وۆرکشۆپی کونسولخانەی بەریتانی- خولی دڵنیایی جۆری ستراتیجیەت- لیڤەر پول – بەریتانیا ٢٠٠٨.
٤٨. کۆنفڕانسی جیهانی خوێندنی باڵا لە عێراق- سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاری کۆنفڕانس – هەولێر ٢٠٠٧.



**٤٩. خولی مەشقکردنی ئەنجوومەنی وەزیران- دڵنیایی جۆری و شەفافیەت- هەولێر٢٠٠٧.**
**٥٠. خولی بەڕێوەبردنی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکانی بەریتانی- لەندن٢٠٠٧.**
**٥١. کۆنفرانسی بنیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی- بۆستن- ئەمریکا ٢٠٠٧.**
**٥٢. کۆنفرانسی دڵنیایی جۆری ومتمانەبەخشین- ئەلشارقە- ئیمارات٢٠٠٦**
**٥٣. کۆنفرانسی دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵا- ئەبو زەبی- ئیمارات٢٠٠٥**
**٥٤. کۆنفرانسی دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵا- یۆرك و گلاسکۆ- بەریتانیا٢٠٠٤**
**٥٥. کۆنفرانسی یۆنسکۆ- پەرەپێدانی خوێندنی باڵا لە عێراق- فەرەنسا٢٠٠٤.**
**٥٦. کۆنفرانسی ڕابەرایەتی و بەڕێوەبردنی زانکۆکان- زانکۆی کیلی- بەریتانیا٢٠٠٤**
**٥٧. خولی مەشقکردنی ڕابەرایەتی- زانکۆی سەلاحەدین٢٠٠٤**
**٥٨. کۆنفرانسی کیمیای نائەندامی- کانبرا- ئوستralia٢٠٠٠.**
**٥٩. کۆنفرانسی زانستی دووەم- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر١٩٩٠.**

پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد لە سەردەمانی بوون بە مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی پەروەردە کە بارودۆخی کوردستان لە قۆناغی دژاوری ئابووری سیاسی دابووەو گووزەرانی خەڵك لەوپەڕی خراپی دابووە، ئەوسا رۆحی مرۆڤ دۆستی و گیانی هاوکاری کەسانی دیکە تێدابووە، لە کاتێکدا ئەو سەردەمە خەڵکی بە دوای پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی بوەو بیری لە کەسانی دیکە نەکردۆتەوە، کەچی ئەو زۆر دڵخۆش بووە بەو لیژنەی تێدا ئەندام بووەو خزمەتی زۆری کردوەو دەڵێت هیچ کاتێك چێژی خزمەتکردنی ئەو ساڵانە لە بیر ناکەم کە بوومەتە هۆی دڵخۆشیکرنی قوتابییەکانمان. ئەو لە سەروبردەی لیژنەکە بەو شێوەیە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: زۆر شت گرینگە لە ژیانم یەکێك لەوان ئەوبوو کە ڕێکخراوە مرۆییەکان خواردنیان بۆ دەهێنایین کە متمانەیان پێمان هەبوو تا دابەشی بکەین بەسەر قوتابیەکانمان منیش لەو لیژنەیە بوو، یادیان بەخێر لیژنەکە پێکهات بوو لە دکتۆر جەوهەرو دکتۆر سەعید عومەر و دکتۆر ئازادو خوالێخۆشبوو دکتۆر خالید، ئەو کات دۆخی دارایی خەڵك زۆر خراپ بوو،مووچە نەبوو، ئێمەتوانیمان بەهاوکاری ڕێکخراوە مرۆییەکان تا دوو ساڵی ئەکادیمی رۆژانە لەگەڵ کافتریای کۆلێژی پەروەردە ڕێککەوتوبین ئەرزاقمان دەدانێ و قوتابییەکان بە پێی پسولە نیوەڕۆییان تەنانەت ئێوارانیش خواردنیان دەخوارد.

دزەیی لە سەرتای تەمەنی لاویەتیدا، بەشداری چالاکانەی لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی کردووەو یەکێك بووە لە ڕێکخەرانی ئەو ڕێکخراوە کە درێژکراوەی ڕێبازی مەلا مستەفای بارزانی نەمرە، ئەو کە یەکێکە لە کادیرە پەروەردەیی و زانکۆییە باڵاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە کەرتی خوێندنی باڵا، لەگەڵ ئەوەی هیچ پۆستێکی حیزبیشی نەبوەو نیە، بەڵام کادیرێکی شارەزاو بە ئەزموونی قاڵبوی پەروەردە خوێندنی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستانەو کەسایەتیەکی

کۆمەڵایەتی و زانکۆیی ناسراوەو لە هەموو ناوەندە پەروەردەیی و زانکۆییەکان لە گشت زانکۆ کوردستانی و عێراقییەکان و تەنانەت لە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی بەگشتی، بەهۆی ئەو پەیوەندییە فراوانەی هەیەتی لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا لە نێو هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان، پێگەی خۆی هەیەو هاوسەنگی لە نێو زانکۆی سەلاحەدین راگرتووە و نەیهێشتوە کێشەی گەورە کە بۆنی سیاسی و ئایینی و مەزهەبی و شارچیەتی و عەشیرەتگەری لێبێت سەرهەڵبدات، تەنانەت رۆڵی زۆری هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەسی نێوان مامۆستایان و کارمەندان بەهۆی ئەو پێگە کاریزمییەی هەیەتی. جا ئەگەر سەیر بکەین لە نێو ئەنجوومەنی وەزارەتیش بەدرێژایی هەرچوار کابینەی حکومەت کاریگەری هەبووە لە بڕیارەکانی ئەو ئەنجوومەنە لە کابینەی پێنجەمەوە تا کابینەی نۆیەم، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ٣٥ ساڵی تەمەنی لە خوێندنی باڵا بەسەربردووەو هەموو رێنمایی و یاساکانی بە شێوی تێوری و پراکتیکی ئەزموون کردووە لە پۆل و تاقیگەوە تا دەگاتە لوتکەی ناوەندی بڕیار.

سەرۆکی گەورەترین ناوندی ئەکادیمی کوردستان وەك زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ١٩٧٥ەوە ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٨٣ ئەندامی سەندیکای کیمیاگەرانی عێراقی و لە ساڵی ١٩٩٧ سەندیکای کیمیاگەرانی ئوسترالی و لە ساڵی ٢٠٠٣ سەندیکای کیمیاگەرانی کوردستانەو ١٠ ساڵ ئەندامی دەستەی کارگێڕی و ئەکادیمی ئەنجومەنی زانکۆکانی جیهانی بووە.



# گەورە باڵوێزی ئەکادیمی کوردستان و باڵوێزی کاری باش



دکتۆر ئەحمەد، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە کاتێ ئەرکی بەڕێوەبەری پەیوەندییە ئەکادیمییەکانی زانکۆی سەلاحەدینی پێسپێردرا، دواتر کرایە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بۆ پەیوەندییە ئەکادیمییەکان خەباتی زۆریکرد بۆ ئەوەی رایەڵەی پەیوەندییە ئەکادیمی و زانستییەکانی زانکۆ بەرفراوان بکات و تۆڕێکی زانکۆیی لە پێناو گەیشتنی زانکۆ بە دەروازەی زانکۆ بەناوبانگ و ئاست بەرزەکانی جیهانی و کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو زانکۆیانە کاری دەکرد، هەرچەندە لەسەردەمی قوتابیی خوێندنی دکتۆرا بووە لە زانکۆی سیدنی دەکرێت بە سەرەتای کارکردنی



وەك باڵویزی ئەکادیمی بۆ کوردستان دابنێین، چونکە کاری زۆر باشی کردووە بۆ ئەوەی پەیوەندی زانکۆ کوردستانییەکان بە زانکۆ ئوسترالییەکان بەهێزتر بکات. هەوڵەکانی دزەیی وایکرد کە سەدان شاندنی زانکۆ بچنە دەرەوەی وڵات تا ئەزموونی زانکۆ پێشکەوتووەکان بگوازنەوە زانکۆی سەلاحەدین و لەوێشەوە دەیان قوتابی خوێندنی باڵا لە ماستەرو دکتۆرا لە زانکۆ ئەوروپی و هەرێمایەتی و عەرەبییەکان وەرگیران و پاشان هاتنەوە رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پێشکەوتنی زانکۆدا. پرۆفیسۆر دزەیی رۆڵی بەرچاوی هەبوە لە ناردنی قوتابیان بۆ زانکۆکانی هیندستان و فەڕەنسا، بە تایبەت تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە وەك پڕۆژەی ئەحمەد ئیسماعیل نانەکەلی ناسراوە دەیان قوتابی نێرادران بۆ سویدو مالیزیا، ئەمە جگە لەوەی دکتۆر دزەیی رۆڵی هەبو لە ناردنی قوتابیان بۆ زانکۆکانی رووسیا و هندو چەندین وڵاتی دیکە، لەسەروی هەموو ئەوانەوە دزەیی بە ئەندازیاری پەویەندی نێو رێکخراوی دادی ئەڵمانی و زانکۆ ئیتاڵی و فەڕەنسییەکان دادەنرێت، کە سوودێکی ئێجگاری زۆری

هەبوە لە بەرەو پێشبردنی خوێندن لە کوردستان و دواتر بووە بناغەیەك بۆ پاڵپشتیکردنی کردنەوەی بەشی زمانی ئەڵمانی لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، لەو کاتانەی پرۆفیسۆر دزەیی بەڕێوبەری گشتی بوو لە وەزرارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی زیاتر لە (١٠٠٠) هەزار قوتابی نێردرانە زانکۆ ئاست بەرزو بەناوبانگەکانی وڵاتانی ئەوروپی و رۆژئاوا تا بڕوانامەی بەرز بەدەستبهێنن و سوود لە کلتووری وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرن بۆ ئەوەی بێنەوە خزمەت بکەن لە زانکۆکانی کوردستان.

پرۆفیسۆری پسپۆڕی کیمیا لە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە پسپۆڕییەکەی زانستی پەتییە، کەچی قاڵبۆتەوە لە بوارە مرۆییەکانیش، ئەوەتا دوای ١٠ ساڵ خزمەتکردن لە بواری پەیوەندییە ئەکادیمییەکان لە ٢٠٠٣ تا ٢٠١٣ هەوڵ و تێکوشانی وایکرد بە هۆی لێهاتووییەکەوە وەك یەکەم کورد و یەکەمین سەرۆکی زانکۆ لەسەر ئاستی عێراق بۆ یەکەمینجار لە کۆنگرەی ٤٦مین ساڵانەی یەکێتی سەرۆك زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبیدا لە ساڵی ٢٠١٣ هەڵبژێردرێت بە سەرۆکی ئەنجوومەنی راپەڕاندنی ئەو یەکێتیەو سەرۆکی خولی ٤٦مینی ئەو کۆنگرە، بە هۆی پێگەی دزەیی بۆ یەکەمینجار ئەو کۆنگرەیە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان




و لە شاری هەولێر لە نێو جەژنەکانی ئادارو نەورۆز کۆنگرە بەسترا کە تیایدا زیاتر لە ٢٠٠ سەرۆك زانـــکۆی وڵاتانی عەرەبی بەشداربوون،



دزەیی دەڵێ: نابێ رۆڵی (پ.د.سوڵتان ابو عرابی العدوان) کە ئەمینداری یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی بوو لەبیربکەین بۆ ئەنجامدانی ئەو کۆنگرەیە بەچاودێری سەرۆك مەسعود بارزانی بەڕێوەچوو، ئەو کۆنگرە بە گەواهی هەموو سەرۆك زانکۆ بەشدارەکان بە درێژایی مێژوو بە باشترین و رێکخراوترین کۆنگرە دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی ئەو کۆنگرەیە کاریگەری زۆری لەسەر هەست و سۆزی سەرۆك زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی دانا، لە بەرامبەر دۆزی رەوای کورد، ئێستا لە پای ئەو رێزەی سەرۆك بارزانی لەو سەرۆك زانکۆیانەی ناوەو دوو جار لەگەڵیان کۆبوویەوەو دووجار خوانی بۆڕێکخستن  و پێشوازی لێکردوون، هەندێکیان وێنەی سەرۆك بارزانیان لەماڵەکانیان هەڵواسیووە، ئەو کارەی دکتۆر





ئەحمەد پێویستی بەوە هەیە مێژوو بینوسێتەوەوسەرکردایەتی سیاسی رێزی لێبگرن، مەدالیای رێزلێنانی پێبەخشن و نازناوی باڵوێزی ئەکادیمی بدەنێ، هەروەك چۆن لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ لە دیداری ئورۆرا لە وڵاتی ئەرمینیا وەك باڵوێزی کاری باش بەشداری لەو دیدارە کردووە.

هەروەها دزەیی ماوەی ١٠ ساڵ ئەندامی دەستەی کارگێڕی و ئەکادیمی ئەنجومەنی زانکۆکانی جیهانە، کە بارەگاکەی لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیایە.



# کۆنفرانسەکان

لەگەڵ ئەوەی ئەرکی سەرەکی زانکۆ لە پاڵ وانەگوتنەوە، توێژینەوەیەو دەبێت سالآنە زۆرترین توێژینەوە لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگە ئەنجام بدرێت و رێگەی چارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە لەو ماوەی دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆ بووە، سەرباری ئەوەی ئاستەنگی زۆری هاتۆتە بەردەم زانکۆ لە دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی چالاکییە زانستییەکان، بەڵام بە پێی پلانی ستراتیژی نەخشە رێگەی داناوە کە لە گشت پسپۆڕییەکانی زانکۆ لە کۆی ١٥ کۆلێژ کە ٨٧ پسپۆڕی هەیە، ئەگەر بەراوردی ژمارەی کۆنفرانسەکان بکەین لەگەڵ زانکۆ عێراقی و کوردستانییەکان، ئەوا زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر پێشەنگی ئەو ژمارەیەو لەو ماوەیەدا نزیکەی (١٠٠) کۆنفرانسی





ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی ئەنجامداوە و هەندێکیان بوونەتە ساڵانەو ئەوانی دیکە بەپێی پێویستی بابەتە هەنووکەییان رێکخراوەو لەو ژمارەیەش ٨٠٪ کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بوونە کە بە پێی پێوەرەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی بەرێوەچوون، لە بوارەکانی مێژوو، شوێنەوار، ئەندازیاری، کارگێری و ئابووری، زمان، هونەر ، وەرزش، خوێندنی باڵا، پەروەردەو فێرکردن، کیمیا، فیزیا، ماتماتیك،ژینگە، یاسا،زانستە ئایینییەکان، زانستە ئیسلامییەکان،زانستە پراکتیکی و بنەڕەتییەکان....هتد. ئەو کۆنفرانسانە بەشێکی لە دەرەوەی وڵات بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆو دامەزراوەی ئەکادیمی جیهانی بە ناوبانگ ئەنجامدراوە کە بەشێکیان دەتوانین باس بکەین لە خوارەوە:

١. کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتی لە بارەی توێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی لە زانکۆی کوردستان لە شاری



(سنه)ی کۆماری ئیسلامی ئێران که به هاوبەشی زانکۆکانی (سەلاحەدین- هەولێر، کوردستان- سنه، راپەڕین- رانیه) له رۆژانی (٩-١٠/٦/٢٠١٩) ئەنجامدرا.

٢. کۆنفرانسی زانستی زەڵمی وئیجتیهادەکان له شەریعەت و یاسادا ٢٠١٩/١/١٦

٣. کونفرانسی گوتاری رق وکینه و کاریگەری لەسەر پێکەوه ژیان ٢٠١٩.

٤. کۆنفرانسی سێیەمی شوێنەوارو کەلەپووری کوردستان ٢٠١٩.

٥. کۆنفرانسی دووەمی هەولێر لەسەرچاوەمێژووییەکاندا ٢٠١٩.

٦. کۆنفرانسی جیهانی خوێندنی باڵا له کوردستان- هەولێر٢٠٠٩

٧. یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانستە کشتوکاڵییەکان ٢٠١٩.

٨. دووەمین کۆنفرانسی هاوبەش لەگەڵ ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە بارەی چەند ئاماژەیەکی زانستی لە قورئان و سوونەتدا٢٠١٩.

٩. سێیەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی هاوبەش لەگەڵ زانکۆی زەهرای ئێرانی لە بارەی زمان و ئەدەبی کوردی – فارسی پەیوەندی و کاریگەرییەکان ٢٠١٩.

١٠. یەکەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی توێژینەوە داهاتوو دروست دەکەین و وەرزش پێشدەخەین ٢٠١٩.

١١. دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئەندازیاری و تەکنەلۆجیای هاوچەرخ ٢٠١٩.

١٢. دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ماتماتیك مانگی شوباتی ٢٠١٩

١٣. دووەمین کۆنفرانسی پەروەردەیی کۆلێژە پەروەردە بنەڕەتییەکان ٢٠١٩.



١٤. دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی شوێنەوارو کەلەپووری کوردستان/ ئاداب ٢٠١٩.

١٥. کۆنفرانسی زانستە کردەییەکان ٢٠١٨.

١٦. کۆنفرانسی پرۆژەی توێژینەوەی قوتابیان و پۆستەری ئەکادیمی ٢٠١٨

١٧. کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوارو کەلەپوور ٢٠١٨

١٨. کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی (ICASEE)٢٠١٨.

١٩. کۆنفرانسی دەق و کەلەپوور خوێندنەوەوپێداچوونەوە بە هاوبەشی سەنتەری زەهاوی ٢٠١٨.

٢٠. کۆنفرانسی بەفیرۆدانی سامانی عێراقی و ریگاکانی وەستاندنی هەولێر - زانکوی سەلاحەدین ٢٠١٨.

٢١. کۆنفرانسی رۆڵی زانکۆکان لە بڵاوکردنەوەی هزری ئاشتی کۆمەڵایەتی ٢٠١٨.

٢٢. کۆنفرانسی هاوبەشی زانکۆی فریدریك - ئەلیگزاندەری ئەڵمانی لە بارەی بنیاتنانی توانای مامۆستایان بۆ پەروەردەو توێژینەوەی ٢٠١٧.

٢٣. کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تەلارسازی و دیزان بە هاوبەشی زانکۆی ئیشق ٢٠١٧

٢٤. کونفرانسی نێودەوڵەتی ئاو و ووزە لە کوردستان - هەولێر - هەرێمی کوردستان ٢٠١٧.

٢٥. یەکەمین کونفرانسی نێودەوڵەتی زانست و ئەدەبیات - هەولیر - هەرێمی کوردستان ٢٠١٧.

٢٦. كۆنفرانسی نێودەوڵەتی دراوەکان و کاریگەری لەسەر بواری شارستانی لە سەدەی ناوەڕاست هەولێر- هەرێمی کوردستان ٢٠١٧.

٢٧. سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کتێب هەولێر٢٠١٧.

٢٨. کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانستە بنەڕەتیەکان (KOBAS) ٢٠١٧.

٢٩. کۆنفرانسی زمانی سریانی و سورەت بە هاوکاری زانکۆی کامبێرجی بەریتانی و هایدلبێرگی ئەڵمانی ٢٠١٧.

٣٠. شەشەم کۆنگرەی جیهانی بۆ زانستە بنەڕەتییەو پراکتیکییەکان لە ٢٠١٧.

٣١. هەشتەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە دراساتی پەروەردەیی و زمانەوانی ٢٠١٧.

٣٢. کۆنفرانسی هاوبەش زانکۆی فرایبێرگی ئەڵمانی ٢٠١٦ تایبەت بە ئەندازیاری.

٣٣. کۆنفرانسی ئەندازیاری و تەکنەلۆژیای سەردەم لە ٢٠١٦

٣٤. کۆنفرانسی زانستی خوێندنی باڵای بەردەوام وەك دەروازەیەکی ستراتیژی بۆ بەڕێوەبردنی زانکۆکان.

٣٥. یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە بواری ئەندازیاری و تەکنەلۆجیای نوێ ٢٠١٥.

٣٦. کۆنفرانسی ژینگە و ڕووداوی ئایندە٢٠١٥

٣٧. کۆنفرانسی زانکۆ کوردستانییەکان و زانکۆ فەرەنسییەکان لە پێناو بە نێودەوڵەتیکردنی زانکۆکان ٢٠١٥.

٣٨. كۆنفرانسی هاوبەشی زانکۆی UTM تەکنەلۆجی مالیزی ٢٠١٥

٣٩. کۆنفرانسی ئابووری بە هاوبەشی ڕێکخراوی دادی ئەڵمانی ٢٠١٤.

٤٠. کۆنفرانسی ئایین لە نیوان چەقبەستویی و کراوەنەدا ٢٠١٤

٤١. کۆنفرانسی بیستەمی ئاڵۆوگۆی خستنەڕووی ڕاهێنانی قوتابیانی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی ٢٠١٤.

٤٢. کۆنفرانسی ئەربیلای کۆن - مێژووی هەولێر لە پێش ئیسلام بەهاوبەشیifpo فەڕەنسی ٢٠١٤

٤٣. کۆنفرانسی پایەکانی ئاشتەوانی کۆمەڵایەتی خوێندنەوەیەکی ئیسلامیانە لە ژێر ڕۆشنایی واقیعی هاوچەرخ ٢٠١٤

٤٤. کۆنفرانسی کۆردلۆژی لە گەڵ زانکۆی ماردین ٢٠١٤

٤٥. کۆنفرانسی ئابووری عێراق پاش ١٠ ساڵ هەڵسەنگاندن و بۆچوون زانکۆکانی ئەڵمانیا ٢٠١٤.

٤٦. پینجەم کۆنفرانسی هاوبەش لەگەڵ زانکۆی ئیشق ٢٠١٤

٤٧. کۆنفرانسی ماتماتیك لە ٢٠١٤.

٤٨. کۆنفرانسی یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی ٢٠٠ سەرۆك زانکۆ ئامادەبوو لە شاری هەولێر ٢٠١٣./٣/١٨

٤٩. کۆنفرانسی کوردو کوردستان ٢٠١٣.

٥٠. کۆنفرانسی هاوبەشی زانکۆی کەرکوك- زانکۆی ئێرلانگنی ئەڵمانی لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین ٢٠١٣.

٥١. كۆنفرانسی کورد کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا بە هاوبەشی زانکۆی ماردین ٢٠١٣.

٥٢. کۆنفرانسی زانستی نێوان زانکۆی سەلاحەدین و سینسناتی ئەمەریکی – هەولێر٢٠١٣.

٥٣. کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی زانستی ٣٠٠ توێژینەوەی بەشداربوو ٢٠١١.

٥٤. چوارەم کۆنفرانسی زانستی لە ٢٠١١ لە بارەی توێژینەوەکان ئەندازیاری و فیزیا.

٥٥. کۆنفرانسی چوارەمی جیهانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر٢٠١١.

٥٦. نوسینەوەی مێژوو لە مرۆدا تێروانی فەرەنسی- عێراقی رەهەندی مەعریفی گرەوی کۆمەڵگایی لەگەڵ پەیمانگای فەرەنسی رۆژلات لە ٢٠١٠

٥٧. کۆنفرانسی زانستی عێراق - ئەڵمانی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان ٢٠١٠











# سوودی کۆنفرانسەکان

کەڵکی ئەو کۆنفرانسانە ئەوەیە کە پەنجە دەخاتە سەر کێشەکانی هەرێمی کوردستان و لەرووی زانستییەوە ڕێگەی چارەی گونجاوی بۆ دەدۆزێتەوەو دەیخاتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار تا کاری لەسەر بکات، هەروەها دەبێتە بازنەی بەیەکگەیشتنی ئەکادیمی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی بە ئامانج پتەوکردنی بازنەی پەیوەندییە ئەکادیمییەکان و بە نێودەوڵەتییکردنی زانکۆی سەلاحەدین بە زانکۆ جیهانییەکان و ناساندنی بە جیهانی دەرەوە، بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان لەرووی خوێندنی باڵا وەك پێویست ناسراو نەبووین، بەڵام بە ئەنجامدانی کۆنفرانس و سیمپۆزیۆم و وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی خەریکە دەچینە سەر نەخشەی خوێندنی باڵای جیهانی، جا ئەگەر سەیر بکەین گرینگترین کۆنفرانس کە لە مێژووی زانکۆی سەلاحەدین ئەنجام درابێت بە ناساندنی هەرێمی کوردستان بە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی کۆنفرانسی ١٨ی ئاداری ٢٠١٣ بوو، کە زیاتر لە(٢٠٠) سەرۆك زانکۆی وڵاتانی عەرەبی هاتنە هەولێرو ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە ئەکادیمییەکانی زانکۆکردو دواتر لەو ڕێگەیەوە زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بووونە ئەندام لەو یەکێتییەو پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد دزەیش وەك یەکەمین سەرۆکی زانکۆی عێراقی و کوردستان بووە سەرۆکی خولی چل وشەشەمینی یەکێتی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١٣.

# وۆرك شۆپ و سیمپۆزیۆم و دیدار




له گرینگترین چالاکییه زانستییه‌کاندا دوای کۆنفڕانس و کۆنگره، ئه‌وا  سیمپۆزیۆم و وۆرکشۆپ و دیدار دێت، جا له‌سه‌ر ئاستی ناوه‌خۆیی بێت یا نێوده‌وڵه‌تی هه‌ر بۆیه‌ش له‌ماوه‌ی ١٠ ساڵی رابردوودا به پێی نه‌خشه رێگه‌ی په‌ره‌پێدانی زانکۆی سه‌لاحه‌دین به‌سه‌رکردایه‌تی راسته‌وخۆی سه‌رۆکی زانکۆ زیاتر له (٢٠٠) وۆرکشۆپ و سیمپۆزیۆم و دیداری ناوه‌خۆیی و نێوده‌وڵه‌تی ئه‌نجامدروه له باره‌ی گرفته‌کانی خوێندنی باڵاو ئاسته‌نگه‌کان و میکانیزمی  چاره‌سه‌رکردن و کێشه ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تی و فه‌رهه‌نگییه‌کانی هه‌رێمی کوردستان و هه‌موو پسپۆڕییانه‌ی که له زانکۆدا هه‌ن که ده‌کرێت کورتکراوه‌ی به‌شێك له وۆرکشۆپه‌کان بخه‌ینه‌ڕوو:

١. وۆرکشۆپی ماتماتیك بە بەشداری کۆچەر بیرکار ٢٠١٩.

٢. وۆرکشۆپی زمان ناسنامەی گەلانە٢٠١٩

٣. زەنجیرە وۆرکشۆپی کیمیا لە کۆلێژی پەروەردە ٢٠١٩.

٤. زەنجیرە وۆرکشۆپی مۆدڵ لە کۆلێژی ئاداب ٢٠١٩.

٥. خولی ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان لە بوارەکانی پەروەردەی پیشەنگکاری و فەرەیی ٢٠١٩.

٦. وۆرکشۆپی لێکۆڵینەوەی کەلتوورو دەستنووسی سریانی بە هەماهەنگی کتێبخانەی نیشتیمانی فەڕەنسی و زانکۆی کاسۆلیکی- هەولێر ٢٠١٩.

٧. وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی شوێنەوار ( کۆلێژی ئاداب و پەیمانگەی ئیفپۆ)ی فەڕەنسی ٢٠١٩.

٨. دیــداری زانکۆی سەلاحەدین هەولێر- هۆشیاری و بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەرەکان٢٠١٩.

٩. وۆرکشۆپی بایەلۆجی / کۆلێژی زانست٢٠١٩

١٠. وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی نانۆ تەکنەلۆجی/ کۆلێژی زانست ٢٠١٩

١١. وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی کیمیا/ کۆلێژی زانست ٢٠١٩

١٢. وۆرکشۆپی موودڵ٢٠١٩

١٣. وۆرکشۆپی پێداچوونەوەی پڕۆگرامی خوێندنی بەشەکانی زمانی ( کوردی- عەرەبی- تورکی)لە کۆلێژەکانی( زمان، ئاداب) ٢٠١٩.

١٤. وۆرکشۆپی بە ئەلیکترنیکردنی جەردی مەوادی کیماوی و بایەلۆجی لە کۆگاو تاقیگەکانی زانکۆدا ٢٠١٩.

١٥. چوارەمین سیمپۆزیۆمی هاوبەش لە نێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی فرایبێرگی ئەڵمانی لە بارەی میکانیك ٢٠١٩.

١٦. وۆرکشۆپی نەهێشتنی بیری توندڕەوی  لە ٢٠١٨

١٧. وۆرکشۆپی تەلارسازی ئەندازیاری ٢٠١٨.

١٨. سیمپۆزیۆمی هۆکارو چارەسەرەکانی قەیرانە داراییەکان ٢٠١٨.

١٩. وۆرشۆپی بۆلۆنا پرۆسس ٢٠١٨.

٢٠. وۆرکشۆپی پێوەرەکانی ژمێریاری نێودەوڵەتی ٢٠١٨

٢١. وۆرکشۆپی پەروەردەی تایبەت ٢٠١٨

٢٢. سێیەم سیپۆزیۆم لە بارەی ئەندازیاری ٢٠١٨

٢٣. وۆرکشۆپی لە پێناو ڕێکسختنەوەی پرۆگرامەکان ٢٠١٧.

٢٤. وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی لە بارەی ئاو ٢٠١٦

٢٥. وۆرکشۆپی پەناهەندی  سووری ٢٠١٦

٢٦. وۆرکشۆپی هێزە ستراتژییەکانی ژیری هەست خوێندنەوە بۆ دروستکردنی سەرکردە٢٠١٦

٢٧. وۆرکشۆپی نوێکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ چوارساڵی خوێندن ٢٠١٤.

٢٨. یەکەمین دیداری زانکۆی سەلاحەدین لە پێناو دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان ٢٠١٤

٢٩. وۆرکشۆپی قوتابییە بەهرەمەندەکان ٢٠١٤

٣٠. وۆرکشرپی بەهاری عەربی  ٢٠١٤

٣١. وۆرکشۆپی پاراستنی ئاسایشی هەرێم و رۆڵی قوتابیانی زانکۆ ٢٠١٤

٣٢. وۆرکشۆپی رێکخراوی نێودەوڵەتی IBRO ئەمەریکی بۆ توێژینەوەی دەمارو مێشك ٢٠١٤

٣٣. دووەمین وۆرکشۆپی پەروردەی بنەڕەتی ٢٠١٣

٣٤. وۆرکشۆپی چەمکەکانی پشەنگی لە زمانزانی ٢٠١٢.

٣٥. وۆرکشۆپی پەروەردەی بنەڕەتی ٢٠١٢.

٣٦. وۆرکشۆپی پێنج زانکۆی جیهانی لە بارەی گەشەسەندنی بەردەوام ٢٠١١.

٣٧. وۆرکشۆپی شوێنەوار لەگەڵ زانکۆی لایدن هۆڵەندنی ٢٠١٠.

٣٨. دووەمین دیداری زانکۆی سەلاحەدین لە پێناو دەستوورێکی مەدەنی بۆ هەرێمی کوردستان ٢٠١٩.

٣٩. دووەمین سیمپۆزیۆمی هاوبەش لەگەڵ دەزگای بەیت ئەلحیکمە لە بارەی هاوکاری و تەواوکاری گەشەپێدان و ئاشتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ٢٠١٩.

٤٠. وۆرکشۆپی خاك و ئاوو لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان ٢٠١٩.

# سەردان و شاندکردن

بە درێژایی ئەو ماوەیەی دکتۆر ئەحمەد سەرۆکی زانکۆ بووە زۆرترین شاندنی ئەکادیمی و زانستی لەسەر ئاستی زانکۆ بەناوبانگە جیهانییەکان سەردانی زانکۆی سەلاحەدینیانکردوەو زۆرترین شاندی زانکۆش سەردانی وڵاتانی کردووە هەرچەندە ئاستەنگ زۆربونە و قەیرانی دارایی رەنگدانەوەی لەسەر شاندکردنەکان هەبووە، بەڵام بە پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری زۆر کراوە بۆ ئەو شاندانەی کە کەڵکی زانستی هەبوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو زانکۆیانەی لەو ماوەیەدا سەردانی زانکۆیانکردووە و چالاکی هاوبەشیان ئەنجامداوە ئەمانە:( ماردین، باتمان،تەکنەلۆژیای بەرلین، ئۆتاوا،تەکەنەلۆژیای کیمنیتس، لایبزیگ،لەندەن، کامبێرج، ئایست ئانگلیا، ئیربەد، ئەماسیا،١٩ی مایس،مۆسکۆ،بەرشلۆنە،...هتد ) زانکۆکانی وڵاتی چیك، بەلجیکا، هۆڵەندا،میسر، ئەندەنوسیا، ئەڵمانیا، ئێران، تونس، ئەمەریکا، لوبنان....هتد) هەموو ئەو سەردانانە لە پێناو دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆ جیهانییەکان و وەرگرتنی ئەزمونی ئەو زانکۆیانەو ئاڵوگۆڕی قوتابیان و مامۆستایان و توێژینەوەی هاوبەشی زانست و ئەنجامدانی چالاکی ئەکادیمی هاوبەش بوە یا پاڵپشتی کردنەوەی بەشی تازە بووە لە زانکۆ وەك بەشەکانی ( زمانی تورکی، زمانی ئەڵمانی، زمانی فەڕەنسی، زمانی فارسی، زمانی سریانی، زمانی چینی ...هتد) یاخود وەرگرتنی کورسی خوێندنی باڵاو گۆڕانکاریکردن لە پڕۆگرامی خوێندن بووە،هەروەها بۆ کارکردن بووە لەسەر دامەزراندنی دامەزراوەی ئەکادیمی پەرەوپێدانی دڵنیایی جۆریی

ومتمانەبەخشین بووە کە  ساڵ بە ساڵ ئەنجامەکانی دەردەکەون و هەرێمی کوردستان دەخاتە سەر رێگەی ستاندەری خوێندنی باڵا هاوشێوەی زانکۆ جیهانییەکان وەك پەیڕەوکردنی بۆلۆنا پرۆسس لە خوێندن و پرگرامی پێداگۆجی لە وانەگوتنەوەدا، ئەمە جگە لەوەی هەوڵەکانی دکتۆر دزەیی بۆتە هۆی ئەوەی زانکۆی سەلاحەدین لەماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا لە ریزی پێشەوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بێت، هاوشان لەگەڵ ئەو پرۆسەیەدا کاری لەسەر هاندان و بەرەوپێشەوبردنی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە ئاست بەرزەکانی جیهاندا کردووە.

لەلایەکی دیکەوە ئاکامی ئەو سەردانانەی سەرۆکی زانکۆ وایکردووە کە بۆیەکەمجار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بیرۆکەی بەرنامەی سبلیت سایت کە بە بودجەی ٣٤ پرۆژە توانی (٧٥) قوتابی دکتۆرا وەربگرێت و لێی سووندمەندبن و بڕوانامەی دکتۆرای هاوبەشی نێودەوڵەتی بۆیان فەراهەم بکات. لێردا دەکرێت گرینگترین ئەو شوێنانەی کە دکتۆر دزەیی سەردانی کردوون بیخەینەبەرچاو بە کورتی:.

١. سەردانی زانکۆی ئێرلانگن- نۆرنبێرگ لە ٢٠١٩ بە مەبەستی کەڵك وەرگرتنی زانکۆ لە بواری پەروەردەیی لەو زانکۆیە.
٢. سەردانی زانکۆی ئیربەدی ئوردنی ٢٠١٩
٣. سەردانی زانکۆی ئەماسیا لە تورکیا ٢٠١٩
٤. بەشداری پانێڵی بیرمەندی کورد کوچەر بیرکار لە لەندن – بەریتانیا ٢٠١٨.
٥. سەردانی زانکۆی پاڤیا بۆ سەرپەرشتیاری قوتابیانی دکتۆرا و پۆست دکتۆرا لە ئیتاڵیا ٢٠١٨.

٦. سەردانی زانکۆی کارسرۆ بۆ واژووکردنی ڕێککەوتننامە لە ئەڵمانیا٢٠١٨.

٧. بەشداری بەرنامەی ئیراسمۆسی یەکێتی ئەوروپا لە لیتوانیا ٢٠١٨

٨. بەشداریکردن لە کۆنفرانسی سەرۆك زانکۆکانی وڵاتانی ئیسلامی لە تورکیا ٢٠١٨

٩. سەردانی زانکۆی ١٩ی مایس لە تورکیا لە شاری سامسۆن ٢٠١٨.

١٠. سەردانی زانکۆکانی چیك و هۆڵنداو بەلجیکا بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆ کوردستانییەکان ٢٠١٧.

١١. سەردانی زانکۆی بەرشلۆنای ئیسپانیا ٢٠١٦

١٢. سەردانی هۆڵەندا -خرۆنینگی هۆڵندی ٢٠١٤

١٣. سەردانی زانکۆکانی تاران بۆ کردنەوەی نوسینگەی پەرەپێدانی زانستی لە نێوان هەردوو زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆکانی تاران ٢٠١٣.

١٤. سەردانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١٢ بۆ بەشداری پرۆژەی دامەزراندنی دامەزراوەی ئەکادیمی بۆ پەرەپیدانی دڵنیایی جۆری ومتمانەبەخشین لە زانکۆ، لەگەڵ بانکی نییۆدەوڵەتی وەزارەتی پەروەردەی ئەمەریکا.

١٥. سەردانی فینلەنداو مالیزیا بۆ پڕۆژەی دکتۆرای هاوبەش و تواناسازی ئەندازیای و کاری کۆمەڵایەتی ٢٠١٢

١٦. سەردانی زانکۆی لایبزیگ بۆ پڕۆگرامی هەرچوار ساڵی بەشی زمانی ئەڵمانی لە ساڵی ٢٠١٢.

**١٧. بەشداری لە کۆنفرانسی زانستی لە بارەی خوێندنی باڵا لە ئوردن ٢٠١١**

**١٨. سەردانی زانکۆی تەکنەلۆژیای بەرلین بۆ کردنەوەی بەشی زمانی ئەڵمانی ٢٠١١**

**١٩. بەشداری کۆبونەوەی یەکێتی زانکۆکانی عەرەبی ٢٠١١.**

**٢٠. سەردانی زانکۆی تەکنەلۆژی کیمنیتس هەرێمی سەکسۆنی لە ئەڵمانیا ٢٠١١.**

**٢١. سەردانی زانکۆی لەندەن و زانکۆی ئایست ئانگلیا بۆ بەرنامەی توانسازی و دکتۆرای هاوبەش ٢٠١١.**

**٢٢. سەردانی بۆ زانکۆی مۆسکۆ ٢٠١١.**

**٢٣. سەردانی زانکۆی ماردین و باتمان و ئەنقەرە لە ساڵی ٢٠١٠.**

**٢٤. سەردانی وڵاتی کەنەدا بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابیان بۆ زانکۆی ئۆتاوا٢٠١٠**



دکتۆر ئەحمەد ئەو ساڵانەی لە زانکۆی سیدنی خەریکی خوێندنی دکتۆراکەی بووە، کەرتی خوێندنی باڵای لەبیرنەچووەو ویستویەتی رایەڵەی پەیوەندییەکانی زانکۆ کوردستانی و ئوسترالییەکان پتەو بکات، لە کاتی ئەنجامدانی کۆنفرانسێك لە ساڵی ٢٠٠٠ کە بەشێکی تەرخانکرابوو بە کۆمەڵگای کوردەواری، بەڵام دکتۆر



ئەحمەد بە هەوڵی خۆی کاری لەسەر ئەوە کردووە بەشێکی کۆنفرانسەکە ببەستێتەوە بە خوێندنی باڵا لە کوردستان، ئا لەو کاتەدا سەرۆکی هەموو زانکۆکانی کوردستان بانگهێشت بکات هەر یەکە لە خوالێخشۆبوو دکتۆر سەعدی بەرزنجی پێشووتری زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێرو و دکتۆرە کەوسەر گەلاڵی سەرۆکی دەستەی فێرکردنی تەکنیکی لە هەولێرو خوالێخۆشبوو دکتۆر کەمال خۆشناو سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و دکتۆر عیسمەت سەرۆکی زانکۆی دهۆك. دکتۆر ئەحمەد سەرباری ئەوەی کاری لەسەر دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زانکۆ کوردستانییەکان کردوە، کەچی لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی ئەو کۆنفرانسەوە ڕۆڵی گێڕاوە تا ڕەوەندی کوردی لە ئوستراليا لە یەکتری نزیك بکاتەوە کە پەیوەندیان لەو پەڕی خراپی دابووە بەهۆی خراپی دۆخی سیاسی ئەوسا، جگە لەوەش دزەیی ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئوستراليا.

دکتۆر دزەیی هەر لەو کاتەی قوتابی دکتۆرا بووە ڕۆژانە دوو کاتژمێر لە کاتی خۆی تەرخانکردووە بۆ ئەوەی سەرچاوەی تازە بۆ توێژەرەکانی ئەو سەردەمە بنێرێتەوە کوردستان لە هەموو زانکۆکانی کوردستان لە سەلاحەدین- سلێمانی- دهۆك تەنانەت زانکۆکانی بەغداش، وەك خۆی دەڵێت کە لە ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٣ زۆرێك لەو بەڕێزانەی توێژینەوەیان ئەنجامداوە کە سەرچاوەیان لەو وەرگرتووە لە توێژینەوەکەدا ناوی ئەویان هێناوەو سوپاسیان کردووە کە زۆرینەشیان نەناسیوە تەنها لە ڕێگەی ئیمێڵ داوایان لێکردووە.

لەو ماوەی پرۆفیسۆر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بووە زیاتر لە (٩٥٢) ڕێککەوتننامەو پرۆتۆکۆڵ کراوە لەگەڵ

زانکۆو دامەزراوە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە پێناو پرۆسەی ئاڵوگۆڕی قوتابیان و کردنەوەی بەشی تازە لە زانکۆو پێشخستنی بەشەکانی زمانی فارسی، تورکی، فەڕەنسی، سریانی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، شوێنەوار،چینی ....هتد، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش و سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی دکتۆرای هاوبەش و بەستنەوەی زانکۆی سەلاحەدین بە زانکۆکانی وڵاتانی جیهانی.... هتد، گرینگترین ئەو زانکۆیانەش ئەمانەن: زانکۆی ئێرلانگی ئەڵمانی، زانکۆی کامبێرجی بەریتانی، زانکۆی سەنسەناتی ئەمریکی، زانکۆی لایبزیگی ئەڵمانی، زانکۆی لۆتفۆش لۆراندنی هەنگاری، رێکخراوی فرانکۆفۆنی فەڕەنسی، زانکۆی لیون ٢ فەڕەنسی، زانکۆی سلۆفانیا، رێکخراوی ئیکاردای نێودەوڵەتی کشتوکاڵی، زانکۆی کالیاری ئیتاڵی، زانکۆی فرایبریگی ئەڵمانی لە بواری میکانیك، زانکۆی پاڤیای ئیتاڵی لە هەرێمی لۆمباردیا کە پرۆژەیەکی زۆر گەورەی ئەنجامداوە دەیان قوتابی ماستەرو دکتۆرایان لەو زانکۆیە وەرگرتووە، هەروەها زانکۆکانی ئێران، زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی، زانکۆکانی تورکیا....هتد.

هەروەها بەشداریکردووە لە (١٢) بەرنامەی ئیراسمۆس بۆ بەجیهانیکردنی زانکۆکانی کوردستان بە تایبەت بە جیهانیکردنی زانکۆی سەلاحەدین و خستنەسەر نەخشەی خوێندنی باڵا لەسەر ئاستی جیهان.

دکتۆر دزەیی بەهۆی ئەوەی کەسایەتییەکی دبلۆماسییە لە رووی ئەکادیمییەوە، لە ساڵانەی خزمەتکردن چ لە زانکۆی سەلاحەدین و لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی، چاوی بە زۆر لە سەرۆك وڵاتان و سەرۆك وەزیران و چەندین کەسایەتی ناوەخۆو دەرەوە کەوتووە لەوانە: سەرۆك مەسعود بارزانی، مام





**جەلال تاڵەبانی، رێزدار نێچیرڤان بارزانی، بەڕێز کاك مەسروور بارزانی، کاك کۆسرەت رەسول، هەردوو سەرۆکی لوبنان و تورکیا، جۆن مێجەر سەرۆك وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا، سەرۆکی پەرلەمانی کەنەدا).**


















# پڕۆژەکان

لەم ماوەیەی دکتۆر ئەحمەد سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بووە پڕۆژەی گەورە زۆر ئەنجامدراون لە بواری زانستی و ژێرخانی زانکۆ لە شێوەی دروستکردنی تاقیگەو باڵەخانە بۆ کۆلێژەکان، بەڵام لە هەمووی گرینگتر دروستکردنی پڕۆژەی هەزار خانووی نیشتەجێکردنی مامۆستایانی زانکۆو بەشەناوەخۆیی قوتابیان لە نێو پڕۆژەی کەمپی نوێی زانکۆو تەواوکردنی مۆدێرینترین و گەورەترین ماستەر پلانی پڕۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سەلاحەدین لە ٦/٢٥/ ٢٠١٣، کە ئێستا بە هۆی قەیرانی دارایی جێبەجێکردنی وەستاوە، هەروەهائەنجامدانی ئەو پڕۆژانەی خوارەوەش:

١. دروستکردنی دوو هۆڵی داخراوی وەرزشی (مەلەوانگە).
٢. دروستکردنی باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی بۆ خوێندنی ئێوارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، کە ئێستا لەلایەن کۆلێژی زانستە سیاسیەکان بەکاردێت.
٣. دروستکردنی باڵەخانەیەکی دووەمی تەواوکاری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی و دابینکردنی گشت پێداویستییەکان لە هۆڵەکانی خوێندن و ژوورەکانی مامۆستایان و راگرایەتی و بەشە زانستییەکان بە باشترین هۆکارەکانی فێرکردن بۆ قوتابیان و مامۆستایان.
٤. دروستکردنی یانەی قوتابیان و هۆڵی سمینارەکان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی.
٥. دروستکردنی چەندین باڵەخانە لە کۆلێژەکانی زمان و ئاداب.



٦. دروستکردنی هۆڵی سمینار لە کۆلێژەکانی ( پەروەردە، پــەروەردەی جەستەیی و زانستەوەرزشییەکان، زانستە ئیسلامییەکان).
٧. دروستکردنی باڵەخانەی بەشی رێکخراوە گەشتیارییەکان لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری.
٨. دروستکردنی باڵەخانەی راگریەتی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
٩. دروستکردنی هۆڵی گەورە و نۆژەنکردنەوەی هۆڵی کۆنی سەنتەری رۆشنبیری و ناونانی بە هۆڵی کۆچەر بیرکار.
١٠. دروستکردنی باڵەخانەی بەشی کۆمپیوتەر لە کۆلێژی پەروەردە.
١١. دروستکردنی باڵەخانەی بەشی فیزیا لە کۆلێژی زانست.
١٢. دروستکردنی باڵەخانەی تەواوکەری بەشی ماتماتیك لە کۆلێژی زانست.

١٣. دروستكردنی باڵەخانەیەكی تەواوكەری بەشی پڕۆگرامسازی لە كۆلێژی ئەندازیاری لەسەر بودجەی خۆبەخشی پاریزگاری كۆنی هەولێر بە هاوكاری بەڕێز كاك موحسین دزەیی.

١٤. دروستكردنی باڵەخانەیەكی تەواوكەری سەنتەری زمان كە سوودی هەبووە بۆ بەشی IT.

١٥. دروستكردنی چەندین باڵەخانەی تەواوكەر لە كۆلێژی پەروەردە.

١٦. نۆژەنكردنەوەی باڵەخانەی بەشی زمانی چینی لە كۆلێژی زمان.

١٧. نۆژەنكردنەوەی باڵەخانەی كۆنی سەرۆكایەتی زانكۆو كۆلێژەكان.

١٨. دروستكردنی یاریگەی بچووكی تارتان و یاریگەی تۆپی پێ لە كۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستەوەرزشییەكان.

١٩. دروستكردنی باڵەخانە بۆ بەشە تازەكان لە كۆلێژەكان.

٢٠. دروستكرنی تاقیگەی تازە و نۆژەنكردنەوەی تاقیگە كۆنەكان لە زۆربەی كۆلێژەكان.

٢١. دروستكردتی هۆڵی خوێندن و نۆژەنكردنەوەی كۆنەكان و كتێبخانە و یانەی قوتابیان و مامۆستایان و كۆشك و فۆتۆكۆپی لە بەشێك لە كۆلێژەكان.

٢٢. دروستكردنی یاریگەی تارتان لە كۆلێژی زانست.

٢٣. دامەزراندنی مۆزەخانەی شوێنەوار لە كۆلێژی ئاداب.

٢٤. بە هاوبەشی زانكۆی لیۆن ٢ فەرەنسی پرۆژەی هەڵكەندی گردی كلك مشك ٢٠١٠ئەنجامدراوە.

# دکتۆرای فەخری و ڕێزگرتنەکان



لە ساڵی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٩ زۆر کەسایەتی ئەکادیمی و نا ئەکادیمی لە زانکۆی سەلاحەدین ڕێزلێنانیان بۆ ئەنجامدراوەو سمیناری تایبەتیان بۆ سازکراوەو مەڕاسیمی ڕێزلێنان لە دەیان کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی گیراوە کە خزمەتیان بە کوردو کوردستان کردووە یا داهێنانی زانستیان هەبووە، بە تایبەت ئەو مامۆستا بەڕێزانەی پلەی زانستیان بەرزبۆتەوە بۆ پرۆفیسۆری شەش مانگ جارێك جگە لە پاداشتی ماددی ئەوا مەدالیای ڕێزلێنانی تایبەت بە پرۆفیسۆریان پێدراوە کە ژمارەیان دەگاتە (١٠٥) مامۆستا، ئەمە سەرباری ئەوەی ڕێز لەو مامۆستا توێژەرانەنراوە





که توێژینەوەکانیان فاکتەری کاریگەری هەبووە لە گۆڤارە ئاست بەرزە بەناوبانگە جیها نییه کا ند ا کە ژمارەی توێژینەوەکان لەماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا دەگاتە (٥٠٠) توێژینەوە،



هەروەها ڕێزلێنان بۆ دکتۆر کەمال مەزهەر نوسەرو مێژوونوس و شوکریە رەسول مامۆستای زانکۆو و میرزا دینایی هەڵگری خەڵاتی مرۆڤدۆستی و بڕوانامەی دکتۆرای فەخریش دراوە بە چەند کەسێك لەوانە ( دۆستی گەلی کورد ئیسماعیل بێشکچی، زانانی بواری یاساو شەریعەت لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مستەفا زەڵمی، زانای بواری ماتماتیك و هەڵگری خەڵاتی فیڵدزی ماتماتیك کۆچەر بیرکار).





# کردنەوەی بەش و کۆلێژی تازە

له کالاورۆژانەی هزری تازەو خزمەتکردن بە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان و تازەکردنەوەی سەرچاوە زانستییەکانی مامۆستایان، لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین دکتۆر ئەحمەد دزەیی کاری لەسەر کردنەوەی چەندین بەش و کۆلێژی تازە لە زانکۆ کردۆتەوە لەوانە بەشەکانی ( زمانی سریانی، زمانی ئەڵمانی، زمانی چینی لە کۆلێژی زمان و خوێندنی ئێواران لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی و کۆلێژەکانی پەروەردە/ مەخموور، پەروەردە/ شەقلاوە، بەشی ئەندازیاری نەوت و کیمیا لە کۆلێژی ئەندازیاری و بەشی بەڕێوەبردنی رێکخراوە گەشتیارییەکان لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری و بەشی سامانی ماسی و گیانەوەرە ئاوییەکان لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان).
هەروەها کردنەوەی سەنتەری فێربوون و تاقیکردنەوەی زمانی تورکی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆلێژی زمان، کردنەوەی سەنتەری کلتووری بەریتانی بۆ زمان و هونەر لەسەر ئاستی عێراق لە زانکۆی سەلاحەدین،کردنەوەی سەنتەری ئیبن سینا بۆ فێربونی وانەی ئەلیکترۆنی لەسەر ئاستی عێراق لە زانکۆی سەلاحەدین، کردنەوەی سەنتەرەکانی(دەستنووسخانە،بەکارخستن، جێندەرناسی، توێژینەوەی زانستی، سەنتەری راهێنانی پێداگۆچی و پەرەپێدانی مرۆیی، پێشەنگگاری) کردنەوەی سەنتەری وزەی نوێ لەسەر ئاستی عێراق بە هاوکاری زانکۆی کالسترۆی ئەڵمانیا، دامەزراندنی تاقیگەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی بە هاوکاری یەکێتی ئەوروپا،کردنەی سەنتەری سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ توێژینەوەی ئایینی، ئەمە جگە لە چەندین سەنتەری دیکە لەسەر ئاستی کۆلێژەکان.

دکتۆر دزەیی، بەهۆی دڵسۆزی بۆ زانکۆو بە ئامانجی کاراکردنی زیاتری کۆلێژو سەنتەرو بەڕێوەبەرایەتییەکانی زانکۆ، هاتووە کەڵکی لە ئەزموون و تواناکانی ژمارەیەك لە یاریدەدەرو راگر و سەرۆك بەشی پێشوتری زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، لێژنەیەکی بەناوی (لێژنەی هەماهەنگی و بە دواداچوون) لەو بەڕێزانە پێکهێناوە ئۆفیسی تایبەتی بۆ دروستکردوون لە نێو گەڕەکی دێی کۆنی زانکۆو ستافێکی کارگێڕی بۆداناون تا لە ڕێگەی ئەو لێژنەیەوە کاروبارە زانستی و کارگێڕییەکان لەسەر ئاستی زانکۆ باشتر بەڕێوەبچن، ئەو لێژنەیە چوارچێوەیەکی کارکردنی بۆ دانراوە ئەرك و دەسەڵاتەکانیان دیاریکراوە و هاوکاری تەواوی گشت کۆلێژو بەڕێوەبەرایەتی و سەنتەرەکانی زانکۆ دەکەن، ئەمە یەکێکە لە کارە یەکەمینەکانی پرۆفیسۆر ئەحمەد دزەیی، چونکە لە هیچ زانکۆیەکی دیکە ئەو لێژنەیە نییە، وەلێ ئەوە تەنها کار نییە، ئەگەر سەیری کاروبارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی بکەین دەبینین هەموو ئەو رێنمایی و کارانەی لە زانکۆی سەلاحەدین کراوە لە سەردەمی دکتۆر ئەحمەد، ئەوا وەزارەت دیکاتە رێنمایی یا کاری گشت زانکۆکان و کەڵکی لێوەردەگرن، بە جۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێن هەم وەزارەت و هەمیش دامودەزگاکانی دیکەی حکومەت و کەرتی تایبەت سوود لە بیرۆکەو کارەکانی زانکۆی سەلاحەدین وەردەگرن.



دکتۆر ئەحمەد ئەو ساڵانەی بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی کاری لەسەر بیرۆکەی دڵنیایی جۆریی لە زانکۆکانکردووە و بۆ ئەم مەبەستەش بەشداری چەندین خولی راهێنان دەکات و یەکەم نامیلکەش لەبارەی دڵنیایی جۆریی لە کوردستان ئامادە دەکات و بڵاوی دەکاتەوە، هەر لە سونگەی ئەو ئەزموونەی  لەبارەی دڵنیایی جۆری هەیبوە لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی لە کابینەی پێنجەم کاندید دەکرێت بۆ سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، هەرچەندە دەرکردنی فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانی دوادەکەوێت بەهۆی دۆخی ئەوسا تا دەگاتە دواساتەکانی کۆتایی کابینەی پێنجەم ئینجا دەکرێتە سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

ئەگەر بەراوردێکیش لە نێوان کاروبارەکانی پێش (١٠) ساڵ لەمەوبەر بکەین لە رووی دڵنیایی جۆرییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەتا لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکە بە شێوەی هاردکۆپی بووەو ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە ساڵانە وەك مامۆستای نمونەیی (A+) بە دەستدەهێنا،  نەدەگەیشتە (١٠٠) مامۆستا کەچی لە پرۆسەی دڵنیایی جۆریی٢٠١٨-٢٠١٩دا کە بە شێویەکی ئەلیکترۆنی بەڕێوەدەچێت ژمارەی ئەو مامۆستایانەی وەك مامۆستای نمونەیی زیاتر لە (٩٥٠) مامۆستا پلەی (A+) بە دەستدەهێنن، ئەوەش گۆڕانکارییەکی جۆرییە لە پرۆسەی دڵنیایی جۆریی و هەنگاونان بەرەو بە ئەلیکترۆنیکردنی کاروبارە زانستی و کارگێڕییەکانی زانکۆ، هەروەها بووە بنەمایەکیش لە کێبڕکێی ریزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستانیش کەڵك لە زانیارییەکانی

ئەو برۆسەیە وەربگیردرێت، تەنانەت بۆ پێشخستنی ماڵپەڕی تایبەتی زانکۆش کەڵك لە زانیارییەکان وەرگیراوەو کاریگەری لەسەر سایتەیشنی زانکۆش هەبووە.

بەهۆی بەدواداچوون بۆ کاروبارە زانستی و کارگێڕییەکانی زانکۆ، سەرۆکی زانکۆ پێشەنگەکەی کوردستان هەفتانە داوای وردەکاری چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی لێژنەکانی تایبەت بە رانکی زانکۆی دەکرد، ئەوەش وایکرد زانکۆی سەلاحەدین ساڵ بە ساڵ ئاستی بەرەو پێشەوەبچێت و لەماوەیەدا کە پرۆسەی ریزبەندی سالآنەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی بالآوتوێژینەوەی زانستی بەڕێوەدەچوو، زانکۆی سەلاحەدین هەمیشە لە ریزبەندی پێشەنگی هەرەپێشەوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بوە، ئەگەر کەمپی تایبەت بە خۆشی هەبووایە ئەوە دەچوە ریزبەندی گروپی (A)و بەرەو نێودەوڵەتی دەچوو.هەروەها سەبارەت بەو هەڵسەنگاندنانەی لەسەر ئاستی جیهانی زۆرجار ئەنجام دەدرێت سالآنە ریزبەندی زانکۆ بەرز دەبێتەوەو دێتە ریزی پێشەوەترو ئەوەتا لە نێو ریزبەندی QSی نێودەوڵەتیدا زانکۆی سەلاحەدین لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەستهێناوەو لە وێبمێترێکسیش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پلەی دووەم و لەسەر ئاستی عێراق پلەی یازدەهەم، هەروەها ماڵپەڕی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر لە ریزبەندی ماڵپەڕی گشت زانکۆکاندا لە پلەی یەکەمدایە، ئەگەر چاوێك بە ریزبەندی زانکۆ بکەین لەسەر ئاستی جیهانی و بەراوردی بکەین لە نێوان ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ ٢٠١٩ ئەوە دەبین زانکۆی سەلاحەدین ئەوسا لە ریزبەندی شازدە هەزار دابووە، کەچی ئێستا بە خۆشحاڵییەوە هاتۆتە ریزبەندی خوارووی چوار هەزاریش، هەڵبەتە هەموو ئەوانە بۆ سەرکردە ئەکادیمییەکەی زانکۆی سەلاحەدین پرۆفیسۆرە خەمخۆرەکەی دەگەڕێتەوە.


ڕیزبەندیی نیشتمانیی زانکۆکانی کوردستان
زانکۆ حکومییەکان
گرووپی بی
زانکۆی سەلاحەدین
زانکۆی سۆران
زانکۆی سلێمانی
زانکۆی کوردستان-هەولێر
زانکۆی دهۆک
زانکۆی کۆیە
زانکۆی هەولێری پزیشکی
گرووپی سی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
زانکۆی چەرمو
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
زانکۆی ڕاپەڕین
زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک
زانکۆی گەرمیان
زانکۆی زاخۆ
گرووپی دی
زانکۆی هەڵەبجە
زانکۆ تایبەتەکان
گرووپی بی
زانکۆی ئەمریکی لە عێراق سلێمانی
زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی
زانکۆی جیهان هەولێر
زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
زانکۆی کۆمار بۆ زانست تەکنۆلۆجیا
زانکۆی نەورۆز
گرووپی سی
زانکۆی جیهان سلێمانی
زانکۆی جیهان دهۆک
زانکۆی لوبنانی فەرەنسی
زانکۆی نۆلیج
گرووپی دی
زانکۆی کاسۆلیک
زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی
زانکۆی بەیان





# پێشانگای زانستی نێودەوڵەتی و ئاهەنگی دەرچووان



هەر لەسەردەمی دکتۆر ئەحمەد دزەیی کە سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بووە سالآنە ئاهەنگی دەرچووانی زانکۆ لە کەرنەڤاڵێکی گەورەی جەماوەری دا بە بەشداری زیاتر لە پێنج هەزار قوتابی و






دوو هەزار مامۆستاو هەزاران لە خانەوادەی دەرچووان لە یاریگەی نێودەوڵەتی شەهید فەرەنسۆ هەریری بەڕێوە چووە، ئەمە جگە لەوەی ماوەی چوار ساڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریکردووە، جگە لە بەرپرسە باڵاکانی شاری هەولێرو حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو ئاستەکاندا، هەورەها دوو





**پێشانگای گەورەی زانستی کراوەتەوە بە بەشداری زیاتر لە ٣٣ زانکۆی کۆماری ئیسلامی ئێران و زانکۆکانی وڵاتی تورکیا کە ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆکانی ئەو دوو وڵاتەو تەنانەت بە هۆی ئەو پێشانگایانەوە زانکۆ ئێرانییەکان سوپاسنامەیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵای ئێران وەرگرتووەو ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان زانکۆ کوردستانی و ئێرانی و تورکییەکان بەرفراوان بووە. هەروەها چەندین فیستیڤاڵی گەورە لە بۆنەکانی شەهیدی زانکۆیی و ئەنفال و هەڵەبجەو ڕۆژی ئاڵا و چالاکی وەرزشی و هونەری سازکراون.**



# بەرزکردنەوەی پلەی زانستی

لە پێناو پێشەوەبردنی ئاستی زانکۆ و هاندانی مامۆستایان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەو رەخساندنی دەرفەتی کێبڕکێی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەم ماوەی دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆ بووە ژمارەی ئەو مامۆستایانەی لە لە مامۆستای یاریدەدەرەوە بونەتە مامۆستا (٣٤٨) کەس بووە ئەوەی بۆتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر(٤٥٠) مامۆستا بوەو لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٠ ئەوە (٢٠٠) پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەبووە، ئەوانەی بونەتە پرۆفیسۆر ئێستا بوونەتە (١٤٥) پرۆفیسۆر لە کاتێکدا ساڵی ٢٠١٠ تەنها (٤٠) پرۆفسیۆر لە زانکۆی سەلاحەدین هەبووە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ رابردوودا هەڵکشانێکی ئێجگار زۆر روویداوە زانکۆی سەلاحەدین لە ریزبەندی یەکەمی زانکۆ کوردستانییەکانە ئەمەش شانازییەکی گەورە.

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ژمارەی مامۆستایانی زانکۆ لە ساڵی ٢٠٠٩ بکەین لەگەڵ ٢٠١٩ ئەوە ژمارەکە زیاتر لە دوو بەرامبەرە ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی مامۆستا (١٢٩٠) مامۆستا بووە، کەچی ئێستا ژمارەی مامۆستایان زیاتر لە (٢٣٠٠) مامۆستایە.

# ژمارەی قوتابیانی خوێندنی بەکالۆریۆس-
# خوێندنی باڵا

**بە گشتی لە ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠١٨ ژمارەی قوتابیانی وەرگیراو (٥٥،٥٨٥) قوتابی بووەو ژمارەی دەرچووانی (٥٠،٦٤٦) قوتابی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووەو ئێستا ژمارەی قوتابیان (٢٥،٢٨٨) قوتابییە، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٠ ژمارەی قوتابیانی بەکالۆریۆس (١٩٦٨٤) قوتابی بووە.**

| | | |
|---|---|---|
| ژمارەی قوتابیان ( رەگەزی نێر) | ١١٣٣١ | ٤٥٪ |
| ژمارەی قوتابیان ( رەگەزی مێ) | ١٣٩٥٧ | ٥٥٪ |
| کۆی گشتی | ٢٥٢٨٨ | ١٠٠٪ |

**هەرچی ژمارەی دەرچووانی خوێندنی باڵا لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا زیاتر لە (٤٠٠) قوتابی بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووەو نزیکەی (٢٠٠٠) هەزار تەنها لە ناوخۆ بڕوانامەیان لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووەو نزیکەی (٧٠) قوتابی بڕوانامەی دبلۆمی باڵایان وەرگرتووە، ئەمە جگە لە پڕۆژەی قوتابیانی دکتۆرا بە شێوەی سبیلت سایت کە زانکۆی سەلاحەدین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە بودجەی ٣٤ قوتابی (٧٥) پڕۆژەی راگەیاند بە سێ قۆناغ کە تیایدا پڕۆژەی گەورەی لەوشێوەیە کەڵکی زۆر بە خوێندنی باڵا دەگەیەنێت.**

**هەروەها لە ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٩-٢٠١٠یش پلانی خوێندنی باڵا ( دبلۆمی باڵا- ماستەر- دکتۆرا) زیاتر لە (١٦٠٠) کورسییە،**

بۆ یەکەمینجارە پلانێکی بەمشێوەیە بەرفراوانە دابنرێت بۆ ئەوەی زۆرترین کادیری زانکۆ کورسی خوێندنی باڵایان بۆ دابین بکرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی دەرفەت بە کەسانی دیکەی دەرەوە رەخساوە بڕوانامەی بەرز لە زانکۆی سەلاحەدین بە دەستبهێنن و کادیریش بۆ زانکۆکانی دیکەی کوردستان پێبگەیەنین.

## بەردەوامیدان بە پڕۆسەی خوێندن

زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە نەچۆتە ژێر باری هیچ پارتێکی سیاسی و تێکەڵکردنی زانکۆ بە مەڕاسیمی سیاسی و کەسی و بەردەوامی بە پڕۆسەی خوێندن داوەو نەیهێشتووە بۆ چرکەیەکیش پڕۆسەی خوێندن بوەستێت، لەو ماوەیەی زۆرترین خۆپیشاندان دژ بە حکومەت بۆ مووچە ئەنجام دەدرا زانکۆی سەلاحەدین تەنها زانکۆ بوو تیایدا فەرمانبەران و مامۆستایان دەوامی ئاسایی خۆیان دەکرد، هۆکاری ئەوەش ئەوە بوو کە سەرۆکی زانکۆ دکتۆر دزەیی رۆژانە سەردانی کۆلێژەکانی دەکردو بە لەیەکتێگەیشتن کێشەکانی چارە دەکردو هانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی دەدا کە پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و بەردەوام بن لە خوێندن تاوەکو قوتابیان زیانمەند نەبن، لەو ماوەی زۆرینەی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، پەکی کەوتبوو، زانکۆی سەلاحەدین بەوپەڕی گڕوتینەوە هۆڵەکانی پڕبوون لە قوتابی و بەشە ناوەخۆییەکانی پێشوازی لە قوتابیان دەکردو هەمیشە ئومێدی دەبەخشییە خەڵکی کوردستان و بە ئاسۆ روونیەوە چالاکی ئەکادیمی ساز دەکرد، بێگومان ئەوەش

بۆ کەسایەتی و پێگەی سەرۆکی زانکۆ وەك سەرکردەیەکی ئەکادیمی رۆڵی هەبوو لە چارەکردنی قەیرانەکان و ئیحتیواکردنی کێشەکان.

## هەڵکشانی ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەران

لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٩ سەرباری قەیرانی دارایی، بەڵام زیاتر لە (١٢٨٦) فەرمانبەر بەشێوەی هەمیشەیی سێ یەکەمی سەر ئاستی بەشەکان دامەزراون، هەرچی مامۆستایانی زانکۆیە زیاتر لە (١٠٠) مامۆستا لەو ماوەیە دامەزراون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زانکۆ زۆرینەی پسپۆڕییەکان پڕکردۆتەوەو پێویستی بە مامۆستا نەبووە، جگە لە هەندێ پسپۆڕی دەگمەن نەبێت.

## سەرکەوتنی تیمەکەی زانکۆ

بۆ ووردەکاری زیاترو گەیشتن بە راستی چالاکییە ئەکادیمی و زانستییەکانی زانکۆی سەلاحەدین تا بە زمانی ژمارە بیخەینەڕوو، سەرۆکی دایکی زانکۆکانی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکدا ئایا جیاوازی زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ ١٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ چییە؟ بە چی کارێکەوە شانازی دەکەیت کە لەو ماوەیەدا ئەنجامتانداوە؟ دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی گوتی: پێش هەموو شتێك دەمەوێت ئەوە بڵێم هیچ پڕۆژەیەك تەنها بە ویست و کارکردنی



بەڕێوەبەرەکەی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بەڵکو دەبێت بە تیمی کار بێت و هەوڵ و کۆششەکان تێیدا بە یەکسان بێت، بۆیە ئەو سەرکەوتنەی زانکۆمان دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی دەستە جەمعی و تیم ی کاری زانکۆ لە بچوکترین پلەی وەزیفی کارمەندێکەوە تا دەگاتە سەرۆکی زانکۆ، ئێمە لە زانکۆ بە شێوەی سیستماتیك و بە تیم کارەکان دەکەین، ئەمەش نهێنی سەرکەوتنمانە هەم لەرووی کارگێڕییەوە، هەمیش لە رووی زانستی و ئەکادیمیەوە، ئەو کارانەی کراویشن هیچ بە بێ پلان نەبوە، بەڵکو پلانی ماوەکورت و مامناوەندو درێژخایەن و سراتیژی هەبوە بۆ کارەکان، ئەمە سەرباری ئەوەی سالآنە لە رێگەی ئەنجومەنی زانکۆوە پلانی هەمەلایەنەی سالآنە دادەڕێژین و بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادەکاری دەکەین تا رووبەڕووی بەربەستەکانی بەڕێوەبردنی زانکۆ ببینینەوە.

# ئاوێتەکردنی زانکۆ بە کۆمەڵگە



سەرکردە ئەکادیمییەکەی زانکۆی سەلاحەدین لە وەڵامی پرسیارێکدا کە بەچییەوە شانازی دەکات رایگەیاند: لە یەکەم رۆژی دەست بەکاربونم وەك سەرۆکی زانکۆ لە رێکەوتی ٢٠٠٩/١١/١٠ بەڵێنماندا بە ئەمانەتەوە، ویژدانمان بکەینە سەنگی مەحەك لەبەرئەوەی شانازیەکی گەورەیە کە متمانەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرین کە بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠) ساڵ گەورەترین و دێرینترین زانکۆی هەرێمی کوردستان بەڕێوەببەم، بۆهەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتیە گەورەیە، ئەوەبوو لەماوەیەدا هەوڵی زۆرماندا بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی پتەوی زانستی و ئەکادیمی و مەعریفی، بە جۆرێك هاوگونج بێت لەگەڵ گەورەیی و تەمەنی دێرینی زانکۆی سەلاحەدین، لەو سونگەشەوە نەخشەرێگەیەکی ستراتیژیمان بۆ کارەکان دارشت و ئامانجی خۆمان تێیایدا دیاری کرد تا هەوڵی بە دیهێنانی بدەین، هەنگاوی سەرەتاییمان کارکردن بوو لەسەر ژێرخانی زانکۆ کە چەندین ساڵ بوو کاری وەك

پێویست لەسەر نەکرابوو، ئەمە وێڕای گرینگیدان بە ئاستی تاقیگە زانستییەکانمان کە هاوشێوەی زانکۆ پێشەکەوتوەکانی جیهان بێت، جگە لە بایەخدان بە ئاستی زانستی و مەعریفی زانکۆو گونجاندنی بەو گۆڕانکارییانەی لە جیهان روودەدەن لە بواری شۆڕشی تەکنەلۆجیای زانیاری، هەروەها باشترکردنی ریزبەندی زانکۆمان لە نێو ریزبەندی پۆلینی زانکۆکانی جیهان کە هاوشێوە بێت لەگەڵ تەمەن و گەورەیی زانکۆ تا شانازی پێوە بکەین، ئاستی لۆجستی زانکۆمان گەشەپێدا، بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زانستی و فێرکردن نەوەستاین، بەڵکو زانکۆمان ئاوێتەی کۆمەڵگە کرد وەك پێویستیەکی شارستانی کە رۆڵی هەبێت لە کۆمەڵگە بە دروستکردنی کادیری هونەری و زانستی کە خواستی پرۆسەی گەشەپێدان بوە بە هەماهەنگی لەگەڵ پلانی گەشەپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ نەخشەرێگەی گەشەپێدانەکەی.



لەلایەکی دیکەوە هەر  لەسەر دەمی دزەیی دا لەبارەی پەرەپێدانی تاقیگەکانی زانکۆی سەلاحەدین ستەم لە زانکۆی سەلاحەدین کرا لە کاتی پێدانی بودجەی پترۆ دۆلار، بەڵام ئەوان هەر سووربونە لەسەر کارەکەیان نەیانهێشت تاقیگەکان لە ئاستێکی نزمدانبن. ئەمە جگە لەوەی میوانداریەتی زانکۆکانی عێراقیکرد کاتێ چەند پارێزگایەکی عێراق رووبەڕووی هێرشە تیرۆرستییەکانی داعش بویەوە، ئەوان وەك زانکۆ فریای قوتابییەکان کەوتن و نەیانهێشت خوێندنیان بە فیرۆ بڕوات و لە  بەشە هاوشێوەکان میوانداریەتیانکردن بەتایبەت قوتابییە ئاوارەکانی یەزیدی و شەبەك و عەرەبەکان کە نیشتەجێی ناوچە کوردستانییەکانی درەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بوون.

بەهۆی گەورەیی زانکۆی سەلاحەدین و بوونی پسپۆڕی زۆر و ژمارەی ئێجگار زۆری مامۆستایان، لە کاتی دامەزراندنی زانکۆو پەیمانگا تایبەتەکانی کوردستان بە تایبەت شاری هەولێر، هەموو ئەو پەیمانگاو زانکۆیانە لە دابینکردنی کادیری ئەکادیمی پشتیان بە زانکۆی سەلاحەدین بەستاوە، ئێستا تەنها لە شاری هەولێر (٦) زانکۆی تایبەت و (٦) پەیمانگای تایبەت هەیە، زۆرینەی هەرەزۆری ستافی ئەکادیمی لە سەرۆکی زانکۆوە راگرەکانیەوە تا دەگاتە مامۆستاکانیان پشتیان بە زانکۆی سەلاحەدین بەستاوە، بۆئەمەش دکتۆر ئەحمەد رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە رێگەپێدان بە مامۆستایان چ وەك خواستن یا وانەبێژی یا دەستنیشانکردنی سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەرو راگرو سەرۆك بەشەکانەوە بۆ ئەو زانکۆو پەیمانگایانە، هەڵبەتە ئەوەش وایکردووە ژمارەی زانکۆو پەیمانگا تایبەتەکان لە شاری هەولێر گەشە بکەن و ژمارەیان بەرەو زیاتر بڕۆن.

# ئەو ئاستەنگانەی هاتوونەتە بەردەمی و ئازاریان داوە

پرۆفیسۆر دزەیی لە باسی ئەو لەمپەرانەی لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا هاتوونەتە بەردەمی لە کاتی کارکردندا، ئاماژە بە رۆژە سەختەکانی دەست بەکاربوونی دەکات لە مانگی ١١ی ٢٠٠٩، کە ئەوسا وەزیری خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی لە کابینەی شەشەم ئاستەنگی زۆری بۆ دروستکردوە، لە فەرمانی دەست بەکاربوونەکەیەوە تا دەگاتە بێبەشکردن لەکۆنفڕانس و رێگەنەدان لە بەشداریکردن لە چالاکیە زانستی و ئەکادیمییەکان لەسەر ئاستی دەرەوەو تەنانەت لە ناوەخۆشدا. ئەو دەڵێت بەداخەوە سەرەتایەکی باش نەبوو، لە ماوەی دوو ساڵدا نەمتوانی زانکۆ پێش بخەم.

پیاوە قاڵبووەکەی بواری پەروەردەو خوێندنی باڵا، لە باسی ئەو کێشەکانی نێو زانکۆو چۆنیەتی بەڕێوەبردن و کەمکردنەوەی کێشەکاندا، پێی وایە هەموو ئاستەنگانەی هاتوونەتە بەردەمی لە قەیرانی دارایی و نەبوونی مووچەی مامۆستایان و نەبوونی کەمپێکی زانکۆیی کە شایستەی زانکۆ دێرینەکەی کوردستان و شیاوی ناوی هەولێری پایتەخت بێت، نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی لە دەستێوەردانی دادگا لە کاروبارەکانی زانکۆ، ئەو دەڵێت: هەرکەسێك قەناعەتی بە کاری زانکۆ نەکردبایەو باوەڕی بە جێبەجێکردنی یاساو رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زاستی نەبوایە، ئەوا لە روانگەی ئازادی رادەربڕین و ئەو دیموکراسییەی هەیە لە کوردستان، کە هەموو

کەسێك مافی هەیە سکاڵا لە دادگاکان تۆمار بکات،دەچووە دادگا سکاڵای لەسەر زانکۆ تۆمار دەکرد، ئەوەش وای دەکرد کە لە جیاتی ئەوەی سەرقاڵی دانانی پلانی ستراتیژی زانکۆ بین و بەرنامەی دوور مەودا دابڕێژین، کەچی بەو کارانەوە سەرقاڵبین، یەکێك لەو کێشانەی بۆ هاتەپێشمان لەلایەن مامۆستایەك بوو کە خۆم کورسی خوێندنم بۆ تەرخانکردبوو، بەڵام لەکاتی پێدانی بڕوانامەکەی کێشەیەك دروست بوو، لەوەی توێژینەوەی بڵاونەکردبوویەوەو بەپێی ڕێنماییەکان کاروبارەکانی نەرۆیشتبوو، بۆیە سکاڵای تۆمارکرد لە داداگاو لەو رووەشەوە دادگا غەدری لە زانکۆکرد، ئەوەش پەڵەیەکی رەشە لە خوێندنی باڵاو نەدبوو بڕیارێك لە دادگا دەربچێت کە بڕوانامەی دکتۆرا بدات بە قوتابییەك کە تەنها بڕیاری تایبەت بوو بۆ هیچ کەسی دیکە ڕێنماییەکان پێشێل نەکرا جگە لەو قوتابییە نەبێت، ئێمەش دواتر پابەندی بڕیارەکەی دادگاکراین، پاشان ئەو رووداوە کاردانەوەی نەرێنی هەبوو و کە لە ژیانی مامۆستایەتیدا ئەو مامۆستایە زیانمەندبوو، لە کاتێکدا لە بەرژەوەندی ئەو بڕیارەکەمان دەرکردبوو، تا وەك مامۆستایەکی زانکۆ سوودبەخش بێت لە داهاتووی خۆیدا.

دیارە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکانی کوردستان، لە کلاورۆژنەی ئازادی رادەربڕیندا، ڕێگەدراوە کە هەموو کەسێك قسە بکات و زانیاری بڵاو بکاتەوەو شت بنووسێت،ئەوەش وایکردووە مامۆستایان وقوتابیانی زانکۆش لێیبەدەر نەبن و ئەوانیش بەشداربن و سەرۆکی زانکۆش لەو بابەتە نارەحەت بووە، بەڵام بێدەنگیش نەبووە لە وەڵامدانەوەی ئەو کەسانە بە پێی دیکۆمێنت و بەڵگەی بەردەست، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە زانکۆی سەلاحەدین پابەندی یاساو ڕێنماییەکانی

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی و ئەو یاسانەی بەرکارن لە هەرێمی کوردستان، بۆیە کاتێك هەر کەسێك داواکارییەکیش هەبووبێت و بەدەر بێت لە یاساو رێنماییەکان و بۆی نەکرابێت، ئەوە دەنگی هەڵبڕییەوە رەخنەی گرتوە لە زانکۆ و تەنانەت هەندێکجار ناوی سەرۆکی زانکۆشیان زڕاندووە.

کەچی ناچار بووین بە بڵاوکراوە یا لێدوان وەڵام بدەینەوە و بەرگری لە خۆمان بکەین. لێرەدا نابێت رۆڵی دکتۆرە فیان فاروق و دکتۆر کەمال ئەنوەر یابە پەراوێز بخرێت کە هاوکاری تەواویان هەبووە بۆ وەڵامدانەوەو بە داداچوونەوە لە کێشەکانی زانکۆ لە دادگا.

دکتۆر ئەحمەد ئەوەش دەڵێت زۆرجار بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و بڵاوکراوەو لێداونیان دەبوو یا لە کۆبونەوەکان قسەیان دەکرد، دژ بە زانکۆی سەلاحەدین و تەنانەت لەسەر کەسایەتی من کە مەبەستی سیاسی لە پشەوە ئەو قسانەیان هەبوو، کەچی دەکرا سەردانمان بکەن یا داوای روونکردنەوەیان بکردایە، پێش ئەوەی لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان بڵاوی بکەنەوە، کەچی ئێمە ناچاربووین بە بڵاوکراوە یا لێدوان وەڵام بدەینەوە و بەرگری لە خۆمان بکەین و هەندێکجار بێدەنگیمان نواندووەو وەڵاممان نەبووە، بەڵام لە چەند کەیسی دیکەدا وەڵاممان هەبووە لەوان کاردانەوەمان بەرامبەر مامۆستایەکی زانکۆ بووە، بەداخەوە ئاگادارمانکردەوە کە بڕوانامەکەی یەکسانکردنی بۆ نەکراوە کە بە گرێبەست لای ئێمە وانەبێژ بوو، بە داخەوە زۆر شت نووسی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەسەر ئەنجامداین، بەڵام پاش ئەوەی بڕوانامەکەی یەکسانکردو هاتە لامان داوای دامەزراندنی بە شێوەی هەمیشەیی کردو داوای لێبوردنی لێمانکرد، بەڵام داوامان

لێکرد لەسەر تەلەفزیۆن داوای لێبوردن بکات، وەك چۆن لەسەر تەلەفزیۆن قسەی لەسەر کردین، چونکە من لە مافی ناوزڕاندنی خۆم خۆش بووم، بەڵام لەسەر مافی گشتی زانکۆ خۆش نەبووم، بەڵام بە داخەوە ئەوەی نەکرد، بۆیە وەرمان نەگرت بە شێوەی هەمیشەیی لە زانکۆ دابمەزرێت.

لەسەر کەیسی کێشەیەکی کۆلێژی ئەندازیاری یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە خولی سێیەم لە کۆبونەوەیەکدا دەنگ هەڵدەبڕێت و هێرش دەکاتە سەر سەرۆکی زانکۆ دکتۆر ئەحمەد دزەیی و لە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزارەت و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێی دەڵێت تۆ دیکتاتۆری و من دەتوانم متمانە لە تۆو باپیرت و سەرۆکی حکومەتیش بسێنمەوە، ئەویش ئەو ڕەفتارە بە نادروست دەزانێت و داوای لێدەکات کە لە هەمان کۆبوونەوەدا داوای لێبوردن بکات، بەڵام ئەو ئەندام پەرلەمانە داوای لێبوردنەکە ناکات، بۆیە ئەویش بەناچاری لە دادگا سکاڵا تۆمار دەکات و بڕیاری دادگا لەبەرژوەندی دکتۆر ئەحمەد وەك سەرۆکی زانکۆ کۆتایی پێی دێت و قەرەبووی ماددی وەردەگرێت لە بەرامبەر ئەو بێڕێزیەدا، دکتۆر ئەحمەدیش ئەوکاتە پارەکە دابەشی سەر قوتابییە هەژارەکانی زانکۆکەیدا دەکات.

دکتۆر ئەحمەد لەسەر بابەتی ئەو ئاستەنگانەی هاتۆتە بەردەمی چیرۆکی ئەندام پەرلەمانێکی دیکە باس دەکات و رایدەگەنێت کە ئەندامی پەرلەمانێکی کوردستان لە خولی سێیەمدا، سەبارەت بە پڕۆژەی کەمپی زانکۆ لێداونێکی داوە بە میدیاکانی کوردستان، گوایە سەردانی شوێنی پـڕۆژەی کەمپی زانکۆی کردوە، نەیبینەوە پڕۆژەکە تەواو بێت بەو بودجەی لەلایەن حکومەتەوە

بۆ ماستەرپلان و دیزاینەکە تەرخانکراوە، لە کاتێکدا بەو بڕە پارەیەی تەرخانکراوە ناکرێت ئەو پڕۆژە گەورەیە تەواو بکرێت کە پێویستی بە دوو ملیار دۆلار هەیە، پڕۆژەی ماستەر پلان و دیزاینی کەمپی نوێی زانکۆی سەلاحەدین بە بەشداری کۆمپانیای بە ناوبانگی جیهانی و بەسەرپەرشتی مامۆستایانی پسپۆڕی ئەندازیاری لەلایەن بۆردێکەوە بەناوی دەستەی باڵای جێبەجێکردنی پڕۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە زانکۆی سەلاحەدین کاری لەسەرکراوە کە سەرۆکی بۆردەکە وەزیری پێشووتری ئاوەدانکردنەوەونیشتەجێکردنی کوردستان بووە.

دکتۆر ئەحمەد باس لە کێشەی دوو مامۆستای کۆلێژی ئەندازیاری دەکات کە بە هەڵەتێگەیشتن، سکاڵایان لە دادگا تۆمارکردبوو، لە سەر بوونی مامۆستایەك بە بەسەرۆك بەش، بەڵام دواتر ئەو دوو مامۆستایە تێگەیشتن کە ئەمە بە پێی یاسا دەسەڵاتی سەرۆکی زانکۆیە و کەیسەکە چارەسەرکرا، بە داخەوە یەکێك لەو دوو مامۆستایە دوای بوونی بە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کارەبا کۆچی دواییکرد ئەوەی دووەمیان بەردەوامە لە زانکۆو زۆر پەیوەندیمان باش بووە.


# ئەو شتانەی دزەیی شانازی پێوە دەکات لە ژیانیدا




سـەبـارەت بەو شتانەی لە ژیانی پـەروەردەیـی و خوێندنی باڵادا کە شانازی پێوە بکات دکـتـۆر ئەحمەد دەڵێت: زۆر شت لە ژیانمدا هەیە کە هیچ کات لێی پەشیمان نیم و شانازی پێوە دەکەم کە یەکێکیان کە زۆر دڵم پێی خۆشە ئەویش هاتنەدی نیوەی خەونەکەی دروسـتـکـردنـی کەمپی نوێی زانکۆی سەلاحەدینە، کە لە ماوەی دووساڵ هەموو هەوڵی خۆم خستەگەڕ بۆ دانانی ماستەر پلان و دیزاینی کەمپی نوێی زانکۆ کە لە ژیانمدا ئەو پڕۆسەیە زۆر گرینگ بووە،هەرچەندە بەهۆی قەیرانی دارایی کە روبەڕووی هەرێمی کوردستان بوویەوە نەتوانرا خەونەکەمان بە تەواوی بێتەدی.

هەروەها یەکێکی دیکە لەو کارانەی کردویەتی کە شانازی پێوە





بكات، دكتۆر ئەحمەد خۆی بە دامەزرێنەری سەرەكی زانكۆ سۆران لە قەزای سۆران دەزانێت ئەو كاتەی كە یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر بووە كە لەسەر راسپاردەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان كاك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرۆكی پێشووی زانكۆی سەلاحەدین وەك خۆی دەڵێت: دكتۆر محەمەد سدیق خۆشناو كاریان لەسەر كردنەوەی ئەو زانكۆیە كردووەو سەرەتا بە چەند كۆلێژێك دەست بە خوێندن كراوو پاشان فراوانكراوەو بۆتە زانكۆیەك بەناوی زانكۆی سۆران.

دزەیی ئەوەش دەڵێت كە زۆر دڵخۆش بووەو پەشیمان نییە لەوەی كاری بۆ كردنەوەی هەردوو كۆلێژی پەروەردەی شەقلاوەو پەروەردەی مەخموور كردووە هەموو توانا داراییەكانیشی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو دوو كۆلێژە فراوان بكرێن و لە ئایندە دا ببنە زانكۆ، ئەوەی نەشاردەوە كە بە هۆی هێرشەكانی رێكخراوی تیرۆرستی داعش كۆلێژی پەروەدەی مەخموور نەتوانرا





پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەشی تازەی بۆ دەکرێتەوە بە پێی پێداویستییەکانی دەڤەری شەقڵاوەو بەو هیوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا ببێتە زانکۆی شەقڵاوە.

ئەو ژینگەیەی کە لەماوەی (١٠) ساڵی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین دروست بووە، دکتۆر ئەحمەدی زۆر دڵخۆش کردووە، لە سیستەمی دانانی ڕاگرو سەرۆك بەشەکان و دەستێوەرنەدان لە کاروبارەکانی یەکتری و کارکردن بە یەك تیمی ئەکادیمی و کارگێڕی لەسەر هەموو ئاستەکاندا. لەلایەکی دیکەوە بەوەش دڵخۆش بووە کە لە سەرەتای کارکردنییەوە لەگەڵ ئەو شەش سکرتێرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان



لەبەرئەوەی  هیچ گرفتمان نەبوەو هەماهەنگیان هەبووە زۆر دڵخۆش بووە. پرۆفسیۆر ئەحمەد دزەیی لە باسکردنی ئەو کارانەی کە زۆر دڵخۆشیکردوون لە ماوەی بوونی وەك سەرۆکی زانکۆ دەڵێت: لە سەرتای دروستبوونی کۆلێژی مامۆستایان کە دواتر ناوەکەی بۆ پەروەردەی بنیات و پاشتر بۆ پەروەردەی بنەڕتی گۆڕا، هیچ یەکێك لە مامۆستایانی زانکۆو تەنانەت قوتابیانیش لە قۆناغی ئامادەیی ئامادەبووەن بچنە ئەو کۆلێژە، کەچی لە ماوەیەکی کەمدا کارمان لەسەر ئەوە کرد ببێتە یەکێك لە کۆلێژە ئاست بەرزەکان و ئێستا زۆرترین قوتابی و مامۆستا لەو کۆلێژەو کێبڕکێیە لەوەی کێ بچێتە ئەو کۆلێژە.

دکتۆر ئەحمەد بەهۆی ئەوەی ساڵانێك مامۆستای سەرەتایی بووە، درکی بە گرینگی ئەرکی مامۆستایانی سەرەتایی کردبوو، ئەوەش وایلێکردبوو کە سوور بێت لەسەر کردنەوەی خوێندنی ئێواران بۆ مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی لە وەزارەت پەروەردە،



هەرچەندە وەك خۆی باسی دەكات زۆر كەس لە بەرپرسان هاوكاریان كردووە لە كردنەوەی بەشەكانی خوێندنی ئێواران بۆ مامۆستایانی سەرەتایی كە لە مەراسیمێكدا ڕێزلێنانیان بۆكراوە، بەڵام دكتۆر ئەحمەد بە ئەندازیاری كردنەوەی خوێندنی مامۆستایان لە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی دادەنرێت كە ئێستا زیاتر لە چوار هەزار مامۆستای سەرەتایی تەنها لە شاری هەولێر سوودمەندبوونەو وانە دەڵێنەوەو خۆیان پێشبردووە. دكتۆر ئەحمەد دەڵێت سەرەتا وەك بیرۆكە لە هەموو ئاستەكاندا دژایەتی زۆری هەبووەو تەنانەت توشی گرفتیش بۆتەوە، بەڵام دواجار هەموو زانكۆكانیش كردیانەوەو تا ئێستا بەردەوامە.

دكتۆر ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی شانازی بە كارەكانییەوە دەكات كە ئەنجامیداوە، بەڵام بە هەناسەكێشانێكی قوڵەوە،داخی خۆی دەردەبڕێت كە نەیتوانی پرۆژەی كەمپی نوێی زانكۆی سەلاحەدین تەواو بكات، بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابووری كوردستان



**تێپەڕێوە لە سەردەمی ئەو سەرۆکی زانکۆ بووە.**

**دکتۆر ئەحمەد لە بارەی کەمپی زانکۆوە دەڵێت: دوو فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران لە دوو کابینەی جیاوازدا لە سەردەمی هەردوو بەڕێزان دکتۆر بەرهەم صالح و کاك نێچیرڤان بارزانی داواکرا کە هەموو باڵەخانەکانی ئێستای زانکۆ موڵکیەتی بگەڕێتەوە بۆ زانکۆی سەلاحەدین کە خۆی لە یەك ملیۆن مەتر دووجا دەگرێتەوەو هەمووی لەسەر رێگای سەرەکی کەرکوك- هەولێر بوو نرخەکەی بە دوو ملیار دۆلاری ئەمەریکی دەخەملێنرا دەتوانرا کەمپەکەی پێی دروست بکرێت، بەڵام بە داخەوە هەردوو وەزیری شارەوانی پێشوو بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر لێنەگڕان ئەو خەونە بە دیبێت و شاری قەڵاومنارە کەمپی تایبەتی خۆی هەبێت.**

**هەروەها دزەیی ئەوەشی ئاشکرا دەکات کە بەهۆی ئەو کێشەیەی لە سەرەتای بوونی بە سەرۆکی زانکۆ لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی هەیبووە لە دوو ساڵی یەکەمدا، نەیتوانییوە پەرە بە تاقیگەکانی کۆلێژەکان بدات، بەهۆی ئەوەی کە جەنابی دکتۆر بەرهەم سەرۆکی حکومەت و وەزیری خوێندنی باڵا ئەوسا لە کابینەی شەشەم رێگر بووە لەوەی ئەو بڕە پارەی بۆ زانکۆکان تەرخان کرابوو بۆ کڕینی کەرەستەو تاقیگەی پێشکەوتوو بە بیانوی ئەوەی بۆ کەمپی زانکۆ خەرج بکرێت، لە کاتێکدا کەمپی زانکۆ بە (٢٠) بیست ملیۆن دۆلار نەدەکرا دروست بکرێت، بەڵکو دوو ملیار دۆلاری پێویست بوو، بۆیە نەیتوانیوە تاقیگەی کۆلێژەکان تازەبکرێنەوەو تاقیگەی تازەی مۆدێرن لە ئاست زانکۆ جیهانییەکان دروست بکەن هاوشانی تاقیگەی زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، رەنگە ئەگەر رێگە بدرابوایە ئەو بیست ملیۆن دۆلار بۆ تاقیگەکان خەرج بکرابوایە ئەوە ئاستی تاقیگەکان لە ئێستا باشتر**

دەبوون. دزەیی دەڵێ لەگەڵ ئەوەشدا دەکرا پاشان کارمان لەسەر بکردایە، بەڵام بە داخەوە رووبەڕوی قەیرانێکی دارایی سەخت بووینەوەو نەمانتوانی ئاستی تاقیگەکان پێشبخەین.

پرۆفیسۆر دزەیی، جگە لەوەی خۆی حاجییەو لە بنەماڵەیەکی ئایینیەو نزیکی زانایانی ئایینی ئیسلامەو بەردەوام پاڵپشتی پەرەپێدانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی کردووەو لە زۆربەی بۆنە ئاینییەکانیش دەردەکەوێت و زۆرترین پابەندبوونی ئاینی ئیسلامی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بایەخی بە مامۆستایان و کارمەندان و قوتابیانی کریستیانی زانکۆداوەو بۆ ئەمەش لە بۆنە تایبەتەکانی کریستیانەکان بەشداری کردووەو لەگەڵیان کۆبۆتەوەو بەشێکی تایبەتی لە کۆلێژی پەروەردە بەناوی زمانی سریانی کردۆتەوە.

دکتۆر ئەحمەد دزەیی، لەهەموو ئەرکانەی پێسپێرداوە،بە پێی قۆناغبەندیەکان، ئەگەر بەیانیان سەیری ئۆفیسەکەیت بکردایە





له هەموو پۆستەکاندا، بە بەراورد بە بەرپرسانی دیکە، بەتایبەت لە زانکۆی سەلاحەدین کە کەسی یەکەمی ئەو زانکۆیەبوو، کەچی ئەو یەکەم کەس بووە بەیانیان هاتۆتە دەوام و دواهەمین کەسیش بووە لە زانکۆ چۆتە دەرەوە بۆ ئەمەش دەڵێت: کارێکی تر کە زۆر شانازی پێوە دەکەم، دەوامی رۆژانەی خۆم بووە لەسەرەتای ژیانم وەکو مامۆستای سەرەتایی تاوەکو مامۆستای زانکۆو وەرگرتنی پۆستی باڵا ئەوەیە کە هەموو رۆژێك پێش کاتژمێر(٨) بەیانی لە دەوام بوومەو خزمەتم کردووەو بیرم لە کۆتایی دەوام نەکردۆتەوە.

# دەیەوێت چ کارێك بکات و
# حەزی لە چ گۆرانییەکە



کاتێ پرسیاری ئەوەمانکرد لە دکتۆر ئەحمەد ئەگەر لە کەرتی پەروەردەو خوێندنی باڵا کارت نەکردابوایە، حەزت دەکرد لە چ بوارێك کارت بکردایە لە سیاسەت، وەرزش، کشتوکاڵ، هونەر، بزنس یا هەر بوارێکی دیکە، دزەیی لە وەڵامدا گوتی: دەمەوێت لە کەرتی کشتوکاڵ کار بکەم، هەموو کاتەکانم لە پرۆژە کشتوکاڵییەکەی خۆم کە لە باوکم بۆم بەجێماوە کاربکەم، لەبەرئەوەی لە هەرێمی کوردستان زەمینەسازی هەیە بۆ کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا دەمەویت هانی حکوومەت

بدەم کە بەنداوو دروست بکات، بە داخەوە کەرتی کشتوکاڵ پەراوێزخراوەوکاری لەسەر ناکرێت، هەر لەو روانگەشەوە کارم لەسەر ئەوە دەکرد کە بەشی جۆراوجۆری کشتوکاڵی لە کۆلێژی پەروەردەی مەخموور بکەمەوە بە ئامانجی ئەوە زانکۆیەکی پسپۆڕی کشتوکاڵی دەڤەری مەخموور بکەمەوە.

هەرچەندە چەند جارێکی دیکە پرسیارەکەم دووبارە کردەوە ئەی ئەگەر وەك وەبەرهێنەرێك کار بکەیت چ کارێك دەکەیت، دیسان وەڵامیدایەنەوە کە تەنها لە بواری کشتوکاڵی کاردەکەم، لەبەرئەوەی کوردستان پێویستی بە سەرمایەگوزاری لە کەرتی کشتوکاڵ هەیەو زۆرینەی وەبەرهێنەرەکان بە دوای قازانجی خێرا دەگەڕێن و کار بۆ ئایندەی کوردستان ناکەن، تا ئابووریەکی بەهێزمان هەبێت و ژێرخانێکی پتەوی ئابووری پتەومان هەبێت.

پرۆفسیۆر دکتۆر ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی لە تەمەنی لاویەتیدا خولیای وەرزش بووەو یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یانەی وەرزشی هەولێر، بەڵام هێشتا لەو تەمەنشدا دڵی بۆ وەرزش لێدەدات و دەسەڵاتەکانی خۆی لە زانکۆ بەکارهێناوە بۆ فراوانکردنی



کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان و چەندین باڵەخانەو یاریگەو هۆڵی وەرزشی کردۆتەوەو رۆژانەش بە دواداچوون بۆ هەواڵە وەرزشییەکان و هاندەری سەرەکی یانەی وەرزشی هەولێرەو لەسەر ئاستی جیهانیش لە بارەی وەرزش زانیاری وەردەگرێت. دکتۆر ئەحمەد تەنها لە بواری وەرزش لە بازنەیەکدا ناخولێتەوەو لەو تەمەنەدا بە هۆی حەزی رابردوو لەو بوارەدا، بەڵکو لەگەڵ هونەریش  پەیوەندی باشەو زۆر حەزی لە مۆسیقاو گۆرانییە کلاسیکییە کوردییەکانە وەك هونەرمەندانی گەورەی کورد( حەسەن زیرەك، محەمەدی ماملێ، تایەر تۆفیق و عەلی مەردان)، هەروەها لە هونەرمەندانی عەرەبی،  گوێ لە دەنگی گۆرانییەکانی (فەرید ئەترەش، ئوم کەلسوم، ئەسمەهان، محەمەد عەبدولوەهاب) دەگرێت.

دزەیی لە باسکردنی مۆسیقا و هونەردا، بۆ ساتێك وەستاو و چاوێکی پڕ لەحەسرەتەوە، لە روانینی بۆ رابردووی خۆی، پاشان هاتە گۆو گوتی: لە ژیانی خۆم کەسێکی غەمبارم، نامەوێت کەس ئەو غەمبارییەی من ببینێت، لە رێگەی گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقاوە، هەموو ئەو شتانەی لە دڵمدایە دەری دەبڕم، هەندێکجار ئەو غەمبارییەم دەگاتە ئاستی گریان.

دزەیی هەر لە روانگەی پاڵپشتیکردنی لە هونەر لەسەر ئاستی زانکۆدا فەرمانی دانانی ئۆکسترای زانکۆی سەلاحەدینی دەرکردووە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرهەمەکانی دەبیسترێت.

کاتێ دزەیی قسەت بۆ دەکات، هەست بەوە دەکەیت کە  زۆر بەزەیی و هەستی دلۆڤانی هەیە، وەك خۆی دەڵێت: هەر کاتێك بتەوێت دەتوانی بمگرییێنیت، بۆ نمونە ئەگەر باسی بیرەوەرییەکانی دایك و باوکم و خزم و دۆستە خۆشەویستەکانم بکەیت خۆم پێ



**ناگیرێت و دەگریم، رۆحی لێبوردەیی و هاوکاری و مرۆییم زۆرە.**

**دزەیی رۆحی خۆبەخشی و دەستگرتنی کەسانی دیکەی هەیە، تا دەگاتە حاڵەتی ئەوەی ئامادەیە موچەکەی هەموو بدات بە کەسانێك کە شیاون و بەڕاستی کەمدەراتن، ئەو خۆبەخشی و هاوکارییانەی بۆ سەردەمی گەنجی و تەنانەت سەردەمانی قوتابییەتی لە ئامادەیی و پەیمانگاو زانکۆو تەنانەت بۆ ئەو کاتەی کە لە وڵاتی ئوستراليا دەگەڕێتەوە، کە ئەو سەردەمە دۆخی کوردستان لە رووی ئابوورییەو زۆر خراپ بووە، کەچی ئەو کاری کردوەو بژێوی ژیانی دابینکردووەو هاوکاری کەسانی کەمدەرامەتی لە کوردستان کردووە.**

**لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بوونی هەژماری تایبەت دزەیی جیاواز لە بەرپرسە باڵاکانی هەرێمی کوردستان، هیچ ئەکاونتێکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی (فەیسبوك، تویتەر، ئینستگرام ....هتد) نییە، هەرچەندە لە ئێستا بەرپرسان لەو**




**تۆڕە کۆمەڵایەتییانە چالاکییەکانی رۆژانەی خۆیان تێدا بڵاو دەکەنەوە، کەچی ئەو هیچ چالاکییەکانی خۆی دەرناخات، بەڵام چالاکییەکانی دزەیی رۆژانە دەچێتە هەموو ماڵێك لە رێگەی کەناڵە ئاسمانییە بەناوبانگەکان و رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستانەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی لە رێگەی ماڵپەڕی تایبەتی زانکۆی سەلاحەدینەوە چالاکییەکانی دەگاتە لای مامۆستایان و قوتابیان و کارمەندانی زانکۆ.**

**سەبارەت بەوەی کە تاچەند حەزی لە گەشتکردن هەیە، دزەیی لە وەڵامدا پێیراگەیاندین کە زۆر حەزی لە گەشتووگوزارە کە لە سەرەتای ژیانی لەگەڵ هاوڕێکانی لە دەرەوەو لە ناوەوەی زانکۆ گەشتی کردووەو هەمیشە خۆی خزمەتی کردوون و خواردنەکانیش خۆی ئامادەی دەکرد یا لە ماڵەوە بۆی ئامادە دەکرا.**


# ماستەرپلان و دیزاینی پڕۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر










Salahaddin University - Erbil |










MASTER PLAN DEVELOPMENT HISTORY
مێژووی پەرەسەندنی ماستەرپلانەکە
SIGNING CEREMONY
UNIVERSITY MALL
UNIVERSITY SQUARE
UNIVERSITY PARK
UNIVERSITY HYBRID
GREEN BELT 2
GREEN BELT 3
GREEN BELT 4